تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5912) پێنج شەممە 16ی کانوونی دووەم 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیری دەرەوەی قەتەر دۆخی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ دەکەن

نێچیرڤان بارزانی: جەختە لە کاری هەموو لایەک بۆ پاراستنی ناوچەکە دەکەینەوە کە هێشتا مەترسی و هەڕەشەی داعشی لەسەر ماوە

محەمەد بن عەبدولڕەحمان ئاڵ سانی: بە بایەخەوە دەڕوانینە ڕۆڵی هەرێمی کوردستان کە لە پێگەیەکدایە دەتوانێت هاوکار بێت بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکان




سەرۆک نێچیرڤان بارزانی جەختی کردەوە کە هەموو هەوڵێک بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی عێراق و گەڕاندنەوەی سەقامگیری دەدەن و نابێت عێراق بکرێتە گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی ململانێکان، هەروەها گوتی: لەم قۆناغەدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر، عێراق پێویستی بە پشتگیریی هاوپەیمانانە.

لە کۆبوونەوەیەکدا ئێوارەی دوێنێ چوارشەممە لە هەولێر، لەگەڵ بەڕێز شێخ محەممەد بن عەبدولڕەحمان ئاڵ سانی، جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەی قەتەر، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی هەروەها گوتی: هەرێمی کوردستان بە بایەخەوە دەڕوانێتە سەردانی بەڕێزیان بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان و جەختی لە کاری هەموو لایەک بۆ پاراستنی ناوچەکە کردەوە کە هێشتا مەترسی و هەڕەشەی داعشی لەسەر ماوە. لای خۆیەوە بەڕێز محەممەد بن عەبدولڕەحمان ئاڵ سانی وەزیری دەرەوەی قەتەر ڕایگەیاند: ئەوان بە بایەخەوە دەڕواننە ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە ئاساییکردنەوەی دۆخەکە بەتایبەتی کە لە پێگەیەکدایە دەتوانێت هاوکار بێت بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکان، هەروەها دووپاتی کردەوە کە ئەوان گرنگیی بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەدەن لە بواره جیاوازەکاندا.

تاوتوێکردنی هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی فیدرال بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ قەتەر و دەرفەتی وەبەرهێنانی قەتەری لە هەرێمی کوردستان و هاتنی تیمێکی تەکنیکی قەتەری بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن لەمبارەیەوە، دۆخی ناوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و چۆنییەتیی هاوکاریکردنیان، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا کرد

جەخت لە بەردەوامیدان بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرایەوە



ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆ دەربارەی پڕۆژەی چوارچێوەی هاوبەشیی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت دەکات

سەرۆک وەزیران: ئامانج لە پڕۆژەیاسای چاکسازی ڕێکخستنەوەی مووچە و دابەشکردنی داهاتە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و مووچە و مافی هیچ کەسێکی شایستە نابڕدرێت



ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و دەنگ لەسەر پڕۆژەیاسای چاکسازی دەدات

بەگوێرەی بانگهێشتنامەیەکی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، ئەمڕۆ پێنجشەممە پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و پڕۆژەیاسای چاکسازی لە خانەنشینیی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان دەخاتەوە دەنگدانەوە. لە بانگهێشتنامەیەکدا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بۆ دانیشتنی ژمارە 15ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمان، بۆ ڕۆژی پێنجشەممە بانگهێشتی گشت ئەندامانی پەرلەمان دەکات. بەپێی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە پڕۆژەیاسای چاکسازی لە خانەنشینیی مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان دەنگی لەسەر دەدرێت.

زیاتر لەلاپەرە سێ بخوێنەوە



ئومێد سەباح: ئامانجی پڕۆژەیاسای چاکسازی هێنانەدیی دادپەروەری و متمانەیە



ئومێد سەباح، سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە لێکتێگەیشتنی هەولێر و بەغدا بۆ ژمارەیەک دەزگای ڕاگەیاندن، ڕایگەیاند: لە دانوستانەکانی هەولێر لەگەڵ بەغدا، بە چاودێری و سەرپەرشتی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتینە ئەنجامێکی زۆر باش. سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان گوتیشی: سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم کردووەتەوە.

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە

ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆ دەربارەی پڕۆژەی چوارچێوەی هاوبەشیی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت دەکات

سەرۆک وەزیران: ئامانج لە پڕۆژەیاسای چاکسازی رێکخستنەوەی مووچە و دابەشکردنی داهاتە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و مووچە و مافی هیچ کەسێکی شایستە نابڕدرێت



ئەنجوومەنی وەزیران پشتیوانی لە چوارچێوەی هاوبەشیی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت دەکات


دوێنێ چوارشەممە 2020/1/15 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەرێز مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و ئامادەبوونی قوباد تالەبانی جێگری سەرۆک وەزیران کۆبووەوە.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، سەرۆک وەزیران تیشکی خستەسەر سەردانی ئەم هەفتەیەی شاندی حکوومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان. سەرۆک وەزیران ئاماژەی بەوەدا کە لەگەڵ شاندی عێراقی جەخت لە گرنگیی پابەندبوون بە رێککەوتنی نێوان حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی نەوت و بودجە و چارەسەرکردنی بنەڕەتی کێشەکان کراوەتەوە.

پاشان سەرۆک وەزیران ئاماژەی بە پڕۆژە یاسای چاکسازی دا و جەختی کردەوە کە حکوومەتی هەرێم بەردەوام دەبێت لە پرۆسەی چاکسازی و دووپاتیشی کردەوە کە ئامانج لە چاکسازی رێکخستنەوەی مووچە و دابەشکردنی داهاتە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە. دڵنیاییشیدا کە مووچە و مافی هیچ کەسێکی شایستە بەتایبەتی کەسوکاری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی نابڕدرێت. لەمبارەیەوە بڕیاردرا روونکردنەوەی پێویست لەبارەی پاراستنی مافی کەسوکاری شەهیدان و زیندانیان و گیراوانی سیاسی بدرێتە پەرلەمانی کوردستان. بڕگەی دووەمی کۆبوونەوەکە، گفتوگۆکردن بوو دەربارەی پڕۆژەی چوارچێوەی هاوبەشیی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت (Public Private Partnership (PPP)کە بەشێکە لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ئەنجوومەنی وەزیران سەرەڕای پشتیوانیکردنی پڕۆژەکە لە پێناو جێبەجێکردنی پڕۆژەی ستراتیژی و خزمەتگوزاری بە هاوبەشی کەرتی تایبەت لە چوارچێوەیەکی یاسایی ڕوون و ئاشکرا و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی، ئەنجوومەنی وەزیران وەزارەتی پلاندانانی راسپارد لێکۆڵینەوەی زیاتر لەمبارەیەوە بکات و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە پێشنیاز و تێبینییەکانیان پڕۆژەکە دەوڵەمەندتر بکەن.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا کرد

جەخت لە بەردەوامیدان بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرایەوە




دوێنێ چوارشەممە 2020/1/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەرپرسی بەشی سیاسی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا، پەرەسەندنەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە تاوتوێکران. جەخت لەسەر گرنگیی بەردەوامیدان بە هاوکاریکردن و هەماهەنگیکردن لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە پرسی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و هەڕەشەکانی داعش کرایەوە.

هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هێورکردنەوەی دۆخی عێراق و ناوچەکە و باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی و چارەسەرکردنی بنەڕەتی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور، تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی باڵای بەریتانیا دەکات

پێداگری لەسەر هێورکردنەوەی بارودۆخی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکان کرایەوە



دوێنێ چوارشەممە 2020/1/15 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە شاندێکی باڵای بەریتانیا لە عێراق و جەیمس سۆرزنتن کۆنسوڵی گشتیی بەریتانیا لە هەولێر، دوایین گۆڕانکارییەکانی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کران.

هەر لەم دیدارەدا، پێداگری لەسەر هێورکردنەوەی بارودۆخی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگای دیالۆگ کرایەوە و ئاماژەشیان بەوە دا کە شەڕی داعش کۆتایی نەهاتووە و پێویستە کۆمەڵی نێودەوڵەتی لەسەر هاوکاریکردنی عێراق و هەرێمی کوردستان لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بەردەوام بێت.

ئومێد سەباح: ئامانجی پڕۆژەیاسای چاکسازی هێنانەدیی دادپەروەری و متمانەیە



ئومێد سەباح، سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە لێکتێگەیشتنی هەولێر و بەغدا بۆ ژمارەیەک دەزگای ڕاگەیاندن، ڕایگەیاند: لە دانوستانەکانی هەولێر لەگەڵ بەغدا، بە چاودێری و سەرپەرشتی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتینە ئەنجامێکی زۆر باش. سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان گوتیشی: سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر ئاوەدانکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم کردووەتەوە. بڕیارە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە پڕۆژەیاسای چاکسازی کۆببێتەوە، لەمبارەیەوە ئومێد سەباح گوتی: لەگەڵ پەرلەمان لەسەر دارشتنەوەی تێبینییەکان ڕێککەوتوویین و ئامانجی پڕۆژەیاساکەش هێنانەدی دادپەروەری و متمانەیە و حکوومەت دەیەوێت ئەو داهاتەی دەستیدەکەوێت بە یەکسانی دابەشی سەر کەرتە جیاوازەکانی بکات.

شنگال.. بەهۆی بۆردوومانی بارەگایەکی پەکەکە حەوت کەس کوژران

قاسم شەشۆ فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی شنگال ڕایگەیاند، دوێنێ چوارشەممە جارێکی دیکە فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بارەگایەکی پەکەکەیان لە شنگال کردە ئامانج و بەهۆیەوە حەوت کوژراو و سێ بریندار لێکەوتەوە. قاسم شەشۆ، دوێنێ چوارشەممە بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: جارێکی دیکە فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بارەگایەکی پەکەکەیان لە کۆمەڵگای دووگرێ بۆردوومانکرد و بەو هۆیەوە حەوت کوژراو و سێ بریندار لێکەوتەوە، کە لەناو بارەگای پەکەکەدا بوون و چەکداری ئەوانن. شەشۆ گوتیشی: دوای بۆردوومانکردنی بارەگاکە، تەرمی کوژراوەکان و بریندارەکانیش ڕەوانەی نەخۆشخانەی سنوونێ کران.

لە ماوەی ڕابردووودا چەندین جاری دیکە فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بەهۆی بوونی پەکەکەوە لە شنگال، ئەو ناوچەیان بۆردوومانکردووە، ئەمەش وای کردووە کە ئاوارەکان و خەڵکی شنگال نەوێرن بگەڕێنەوە بۆ سەر مالوحاڵی خۆیان.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/1/16 ژمارە (5912)

نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ شاندێکی باڵای سەربازیی بەریتانیا کۆبوونەوە

سەرۆکی هەرێم: عێراق و هەرێمی کوردستان هێشتا پێویستییان بە هاوکاری و پشتگیریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی هەیە



سەرۆک نێچیرڤان بارزانی 2020/1/15 لە هەولێر، دووپاتی کردەوە تیرۆر و سەرهەڵدانەوەی داعش مەترسییەکی ڕاستەقینەیە کە هەڕەشە لە سەقامگیریی عێراق و ناوچەکە دەکات و بۆ ڕووبەڕووبوونەویان عێراق و هەرێمی کوردستان هێشتا پێویستییان بە هاوکاری و پشتگیریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش هەیە.

دوێنێ چوارشەممە 2020/1/15 لە هەولێر، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کونسوڵی بەریتانیا لە هەولێر و ژمارەیەک لە پلەدارانی سەربازیی بەریتانیا، دۆخی ئەمنیی عێراق و پێشهات و ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییەی وڵات، تاوتوێ کران.

پەرەسەندنی جموجۆڵی ئەم دواییەی داعش بەتایبەتی لە ناوچەکانی مادەی 140 و گرنگیی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەیان و ڕۆڵی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەمبارەیەوە، خاوکردنەوەی گرژییەکان، پەیوەندییەکانی هەولێر-بەغدا و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەریتانیا، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوون کە تیایدا بەردەوامیی هاوکاریی بەریتانیا بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان دووپاتکرایەوە.

نێچیرڤان بارزانی پێشوازیی لە نێردەی تایبەتی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا کرد

نامانەوێ عێراق ببێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی کێشە و ململانێی هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان




سەرۆک نێچیرڤان بارزانی جەختی لە هەڵوێست و هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە و پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی کردەوە و ڕایگەیاند: نامانەوێت عێراق ببێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی کێشە و ململانێی هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان، هەروەها سوپاسی هاوکارییە سەربازی و مرۆییەکانی ئەڵمانیای بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کرد.

دوێنێ چوارشەممە 2020/1/15 لە هەولێر بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فیلیپ ئاکەرمان نێردراوی تایبەتیی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا و شاندێکی یاوەری کۆبوونەوەکە.

لە کۆبوونەوەکەدا دواییِن ڕووداو و پێشهاتەکانی عێراق و کاریگەری و لێکەوتەکانیان، هەڕەشە و مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر، پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا و بەردەوامیی گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوانیان، پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەڵمانیا، ڕۆڵی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و چەند پرسێکی دیکە، تاوتوێکران.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەی قەتەر دەکات



دوێنێ چوارشەممە/2020/1 15مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە محەمەد بن عەبدولڕەحمان ئال سانی جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەی قەتەر کرد.

لە دیدارەکەدا کە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران ئامادەیبوو، باردۆخی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کراو جەخت لەسەر ئارامکردنەوەی دۆخی عێراق و نەهێشتنی گرژی لە ناوچە کرایەوە .

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە دەیەوێ گرنگی بە هەموو کەرتەکان بدات و ئابووریی هەرێمی کوردستان هەمەچەشن بکات، هەروەها لە ڕێگەی ئاسانکاریی پێویستەوە، پەرە بە وەبەرهێنانی ناوخۆ و دەرەکی بدات.

جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەی قەتەر، ستایشی سەقامگیریی ئاسایش و گەشەسەندنی هەرێمی کوردستانی کرد و ئامادەیی وڵاتەکەشی بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بەتایبەتی لە بواری بازرگانی دەربڕی، لەمبارەیەوە گوتی دەرفەتێکی باش هەیە بۆ پەرەپێدانی وەبەرهێنان و هاتنی وەبەرهێنەرە قەتەرییەکان بۆ هەرێمی کوردستان .

ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و دەنگ لەسەر پڕۆژەیاسای چاکسازی دەدات



بەگوێرەی بانگهێشتنامەیەکی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، ئەمڕۆ پێنجشەممە پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و پڕۆژەیاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرمالّە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان دەخاتەوە دەنگدانەوە. لە بانگهێشتنامەیەکدا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بۆ دانیشتنی ژمارە 15ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمان، بۆ ڕۆژی پێنجشەممە بانگهێشتی گشت ئەندامانی پەرلەمان دەکات. بەپێی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە پڕۆژەیاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرمالّە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان دەنگ لەسەر دەدرێت.

پەرلەمانی کوردستان لەمیانی دانیشتنی ئاسایی خۆیدا لە 12و 13ی ئەم مانگە، خوێندنەوەی دووەمی بۆ پڕۆژەیاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرمالّە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان ئاماژەی بە گرنگیی پڕۆژەیاسایەکە دا و ڕایگەیاند، ئەم پڕۆژەیاسایە بە هەماهەنگی لەگەڵ هەموو لایەنەکان ئامادەکراوە و ئەو بڕگانەی کە ناکۆکیی لەسەر بوون ڕێکخراونەتەوە.

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەورووپا، لەگەڵ لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی هۆڵەندا کۆبوونەوە



لە سەردانێکی فەرمی بۆ پەرلەمانی هۆڵەندا لە شاری لاهای، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان د. دلاوەر خالد ئاژگەیی بە یاوەری شاندێکی نوێنەرایەتی بە شێوازێکی فەرمی لە گەڵ سەرۆک و لێژنەی پەیوەندییەکانی پەرلەمانی هۆڵەندا کۆبوونەوە.

لە دەستپێکی دانیشتنەکە کە بە بەشداری پەرلەمانتارانی سەرجەم پارتەکانی بەشدار لە حکومەتی هۆڵەندا بوو، بەڕێز سەرکردایەتی سیاسی و پێشمەرگە و گەلی کوردستان لە بەردەامیان لە شەڕی دژی داعش. ئینجا دەرفەتی بە نوێنەری حکومەت دا تا کوو دواین گۆڕانکاری لە سەر بارودۆخی ناوچەکە و تێڕوانین و هەڵوێست و داواکاریەکانی هەرێمی کوردستان بخاتە ڕوو.

لە وتەیەکدا د. دلاوەر خالد ئاژگەیی بە تێروتەسەلی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و کاریگەری قەیرانەکانی سوریا و عێراقی شی کردەوە و هەڵوێست و تێروانینی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە سەر ڕووداوەکان خستە ڕوو و بە وردی باسی لە کاریگەریەکانی کرد لە سەر هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئاسایش و ئابووری و سەقامگیری سیاسی و گوزەرانی خەلک. و داوای پشتگیری و هاوکاری زیاتری بۆ هەرێمی کوردستانی کرد.

پرسی قەیرانەکانی ئەم دواییەی لە بەشێکی تر نوێنەری حکومەت سوپاسی ڕۆڵی هۆڵەندای کرد لە پشتگیری لە هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی بەرچاویان لە پێدانی مەشق و ڕاهێنان بە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و داوای لە پەرلەمانی هۆڵەندا کرد پشتگیری لە هەنگاوەکانی حکومەتی هۆڵەندا بکەن لە پێناو پتەوکردنی پەیوندی لە نێوان هۆڵەندا و هەرێمی کوردستان لە سەرجەم بوار و ئاستەکان. لە کۆتایی دانیشتنەکە د. دلاوەرخالد ئاژگەیی وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتارانی دایەوە کە سەبارە بە بارودۆخی ناوچەکە و پێشهاتەکان ئاراستەیان کرد.

لە لای خۆیەوە سەرۆکی لێژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی پەرلەمانی هۆڵەندا دەستخۆشی لە ڕۆڵی هەرێمی کوردستان کرد لە دابین کردنی سەقامگیری و ئاسایش و لە خۆگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە و پەنابەران و دابین کردنی ئاسایش.



ئەیاد عەلاوی هۆشداریی لە خراپتربوونی ڕەوشی عێراق و تێکچوونی هاوسێوەی سووریا دەدات

سەرۆکی هاوپەیمانیی نیشتمانی لە پەرلەمانی عێراق رایدەگەیەنێت، کە دەرکردنی هێزە بیانییەکان، لە دەسەلاتی حکوومەتی کارببڕێکەر نییە.

ئەیاد عەلاوی، سەرۆکی هاوپەیمانیی نیشتمانی لە بەیاننامەیەکدا، رایگەیاندووە، پێویستە پەرلەمان لێپرسینەوە لەگەڵ حکوومەت بکات بەهۆی ئەوەی خاکی عێراق لەلایەن هێزی بیانییەوە بۆ بەرژەوەندیی دەرەکی، بەکار هێنراوە.

ئەیاد عەلاوی هۆشداریی لە خراپتربوونی بارودۆخی عێراق و تێکچوونی ڕەوشی وڵاتەکەی هاوشێوەی سووریا داوە و بە سەرسوڕمانەوە دەپرسێت، دەسەلاتدارانی عێراق بۆچی ڕێگا دەدەن سامانی عێراق لە بانکی فیدراڵیی ئەمەریکی هەڵبگیرێت؟ بۆچی عێراقییان خستووەتە ئەو بارودۆخەوە؟.

پێشتر دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا هەڕەشەی هەرەسهێنان بە ئابووریی عێراقی کردبوو، کە ئەگەر بڕیاری دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە وڵاتەکەی بدات، ئەوا هەموو پارەی عێراق لە بانکی فیدراڵیی ئەمەریکا سڕ دەکرێت. ئەو هەڕەشەیەی ئەمەریکا دوای ئەوە هات، کە پەرلەمانی عێراق ڕۆژی یەکشەمە 5-1-2020 بەهۆی کوژرانی قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس، بەیێ ئامادەبوونی نوێنەرانی کورد و سوننە، بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکانی لە عێراق، پەسەند کرد.

وردەکاریی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکانی ئابووریی نێوان عێراق و چین دەخرێتەڕوو

بەشێک لە داهاتی فرۆشتنی نەوت بۆ کۆمپانیا چینییەکان خەرج دەکرێت

ڕێککەوتنەکان بۆ ماوەی 20 ساڵ بەردەوام دەبن



ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ کاروباری دارایی، مزهەر محەمەد ساڵح وردەکاری نوێی سەبارەت بە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکانی ئابووری نێوان وڵاتەکەی و چین خستەڕوو و ڕایگەیاند کە بەپێی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکان، بەشێک لە داهاتی فرۆشتنی نەوت بۆ ئەو کۆمپانیا چینیانە خەرج دەکرێت کە پرۆژە لە عێراق جێبەجێ دەکەن.

لە 19ی ئەیلوولی 2019دا لە کۆتایی دانوستانەکانی نێوان عێراق و چین کە لە پەکین سازکرابوو، هەشت ڕێککەوتن و یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن واژووکران.

لەوبارەوە ئاژانسی هەواڵیی فەرمی عێراق بڵاویکردەوە، مزهەر محەمەد ساڵح لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ئاماژەی بەوەکردووە کە بەپێی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکان، بەشێک لە داهاتی فرۆشتنی نەوت بۆ ئەو کۆمپانیا چینیانە خەرج دەکرێت کە پرۆژە لە عێراق جێبەجێ دەکەن.

ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ کاروباری دارایی، مزهەر محەمەد ساڵح بۆ ڕۆژێکیش دیاری نەکردووە کە ڕێککەوتنەکان بۆ چەند ساڵێک دەخایەنن.

ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ کاروباری دارایی، مزهەر محەمەد ساڵح ڕوونیکردووەتەوە کە حکوومەتی وڵاتەکەی هەژمارێکی لە یەکێک لە بانکەکانی چین کردووەتەوە بۆ ئەوەی داهاتی فرۆشتنی 100 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا تیایدا دابنێت.

مزهەر محەمەد ساڵح باسی لە گرنگی کردنەوەی هەژمارە بانکییەکە کردووە و گوتوویەتی: حەقدەستی ئەو کۆمپانیا چینیانەی کە پرۆژەکان لە عێراق جێبەجێ دەکەن لەو پارە خەرج دەکرێت کە لە هەژمارە بانکییەکەدا دادەنرێت . ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ کاروباری دارایی، مزهەر محەمەد ساڵح بە جێبەجێکردنی پرۆژەکان کە تایبەت دەبن بە بنیاتنانی قوتابخانە، نەخۆشخانە، ڕێگەوبان و کارەبا دەرفەتی کار بۆ ئەو کەسانەی بێکارن و لەگەڵ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت دەرخسێندرێت.

بەگوتەی مزهەر محەمەد ساڵح ڕێککەوتنەکانی بۆ ماوەی 20 ساڵ بەردەوام دەبن کە بەهۆیانەوە ژێرخانی عێراق دووبارە دەبوژێتەوە کە ماوەی چوار دەیەیە وێران بووە.

نیویۆرک تایمزی ئەمەریکی:

فڕۆکە ئۆکراینییەکە بە دوو مووشەکی ئێران خراوەتەخوارەوە

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمەریکی گرتەیەکی نوێی فڕۆکە ئۆکراینییەکەی بڵاوکردووەتەوە کە تیایدا دەردەکەوێت دوو مووشەکی ئێرانی فڕۆکەکەیان خستووەتە خوارەوە. ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمەریکی لە هەواڵێکدا شیکردنەوەی بۆ گرتەیەکی ڤیدیۆیی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە کردووە کە لەلایەن کەسێکی ئێرانییەوە تۆمارکراوە و لە یوتیوب بڵاوکراوەتەوە. بەپێی گرتەکە، فڕۆکە ئۆکراینییەکە ماوەیەکی کەم دوای دەستپێکی گەشتەکەی بە دوو مووشەکی ئێرانییەوە خراوەتەخوارەوە. لە هەواڵەکەدا باس لەوەیشکراوە مووشەکەکان لە بنکەیەکی سەربازییەوە تەقێندراون کە 13 کیلۆمەتر لە فڕۆکەکەوە دوورەبووە. پەیوەندی فڕۆکەکەش بە ڕادارەوە لەگەڵ پێنجکانی بە یەکەم مووشەک پچڕاوە. ڕۆژی هەشتی ئەم مانگە فڕۆکەیەک کە لە تارانەوە بەڕەو شاری کییڤ پایتەختی ئۆکرایناو بەڕێکەوتبوو ماوەیەکی کەم دوای دەستپێکی گەشتەکەی کەوتەخوارەوە و 176 کەس لە ناویدا گیانیان لەدەستدا. حکوومەتی تارانیش سەرەتا ڕەتیکردەوە فڕۆکەکە لەلایەن سوپای ئێرانەوە خرابێتە خوارەوە، بەڵام سێ ڕۆژ دوای ڕووداوەکە سوپاسالاری ئێران ڕایگەیاند کە فڕۆکەکە بە مووشەکی نزیک مەودا بەهەڵە پێکراوە.





باڵیۆزی بەریتانیا لە تاران ئێرانی جێهێشت

ئاژانسی هەواڵی تەسنیم بڵاوی کردەوە کە باڵیۆزی بەریتانیا لە تاران، ڕۆب ماککەیر بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ یاساکان ئێرانی جێهێشت.

ماککەیر بەهۆی بەشداریکردن لە چالاکییەک بۆ ڕێزگرتن لە قوربانییانی فڕۆکە ئۆکراینەدا کە لەلایەن ئێرانەوە بەهەڵە خرابووە خوارەوە،11ی ئەم مانگە لە ئێران بۆ ماوەیەک دەستگیر کرا و دواتر ئازاد کرا. ئەم پرسە ناڕەزایەتی حکوومەتی بەریتانیای لێکەوتەوە و باڵیۆزی ئێران لە لەندەن بانگهێشتی وەزارەتی دەرەوە کرا.

سەلاحەددین.. لە هێرشێکی داعشدا دوو سەرباز کوژران و ژمارەیەکیش بریندارببوون

لە ئاکامی هێرشی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە پارێزگای سەلاحەدین دوو سەرباز کوژران و پێنجی دیکەیش بریندارببوون. تۆڕی ڕاگەیاندنی ئەمنی وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاند: داعش هێرشی کردووەتە سەر خاڵێکی ئەمنی لە ناوچەی شێخ ئیبراهیم لە قەزای دوجەیلی پارێزگای سەلاحەدین. لە ئاکامی هێرشەکەشدا دوو سەرباز کوژران و پێنجی دیکەیش بریندارببوون.



بەردەوامیی خۆپیشاندان لە ئێران (2020/1/15)

وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا:

چیتر بێ وەڵام نابین لە بەرامبەر پێشێلکردنی ئێران بۆ ڕێککەوتنی ئەتۆمی


وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا ڕایگەیاند ئەوان چیتر بێ وەڵام نابن لەسەر پێشێلکردنی ئێران بۆ ڕێککەوتنی ئەتۆمی. هایکۆ ماس لە نووسراوێکدا ڕایگەیاند، بەریتانیا، ئەڵمانیا و فەرەنسا، بەهۆی پابەندنەبوونی ئێران بە بڕێنەکانی لە ڕێککەوتنامەی ئەتۆمی بڕیاردانداوە ڕێککاری شیکردنەوەی ناکۆکییەکان بخەنەوە کار.

وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا هایکۆ ماس، ئاماژەی بەوەش کردووە کە ئەم بڕیارە پاش بەڕێوەچوونی ڕاوێژکارییەکی چڕ لەنێوان هەر سێ وڵاتدا وەرگیراوە و بەمشێوەیە بەردەوام بوو: چیتر بێ وەڵام نابین لە بەرانبەر پێشێلکردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەلایەن ئێران. ماس، ئاشکراشیکردووە کە ئەوان ئامانجیان لەو بڕیارە پاراستنی ڕێککەوتنامەکە و گەیشتن بە ڕێگەچارەیەکی دیبلۆماسییە و داوای لە هەموو لایەنەکانی ڕێککەوتنامەکە کرد بگەنە ئەو ئامانجە.



ئێران... حوکمی لەسێدارەدان بەسەر دوو برای کوردی ورمێ جێبەجێکرا

حوکمی لەسێدارەدانی دوو برای کوردی خەڵکی ورمێ کە بە تۆمەتی کوشتنی بەئەنقەست ئەو حوکمەیان بەسەردا سەپابوو، لە گرتووخانەی ناوەندیی ئاوەدێی ئەو شارە جێبەجێ کرا. بەپێی هەواڵی ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەرەبەیانی دوێنێ چوارشەممە 2020/1/15 حوکمی لەسێدارەدانی دوو برای کورد بە ناوەکانی داریووش دەروێشپوور تەمەن 35 ساڵ و دانش دەرویشپوور تەمەن 27 ساڵ لە گرتووخانەی ناوەندیی شاری ورمێ جێبەجێ کراوە. ئەو دوو هاووڵاتییە کوردە پێنج ساڵ پێش ئێستا بە تۆمەتی کوشتنی دوو برای دیکە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیر و دواتر دەزگای دادوەریی حکوومەتی ئێران حوکمی سێدارەی بەسەریاندا سەپاندبوو. لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا ئەوان لە بەندیخانەی ورمێ ڕاگیرابوون. سەرچاوەیەکی ئاگادار لەوبارەوە ڕایگەیاندووە ئەو دوو برایە خەڵکی گوندی دلدەدەری ناوچەی ئەنزەلی سەر بە ورمێ بوون و پێنج ساڵ پێش لە تێکهەڵچوونێکدا دوو برای خەڵکی گوندی پیرگولیان بە ناوەکانی عاکف و کەمال یووسفی کوشتبوو.



شەنگە هاوارکاکەیی

چارەسەری یاسایی بۆ پرسی گەندەڵی

زۆر جار بە هۆکاری ناسەقامگیریی ڕەوشی سیاسیی وڵات ڕێچکە یاساییەکان شیاندی یاساییان گونجاو نابێ، بەپێی ویستی فەراهەمی زەمەن و قۆناغی بۆماوەیی کەوا تێیدا گوزەرە چەقبەستوویی بڕگەکانی قابیلی مرونەتی زەمەن نابێ لە هاوتەریب بوونی ڕووداو و گوزەرانی خۆیدا، بۆیە ئەم یاسایانە لە چوارچێوەی هەرێمی خۆیدا توانای هەموارکردنەوەی بۆ ڕەخساوە بەپێی دەستووری وڵات، چونکە فەلسەفەی دانانی یاسا بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتییان و پاراستنی ژیان و ماڵیان وە دیارە بۆ دادخوازیی سادەترین ماف، دەنگی شەقام بەرزە، ئەمە خۆی لەخۆیدا وەڵامی شکستی بیست و هەشت ساڵی بوونی گەندەڵییە کە لە داموەدزگا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان، هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ دارشتنی بنچینەنە یاساییەکانی دەسەڵاتی حکوومەتی فیدراڵ دەگەڕێتەوە کە بەرەهەندێکی کودەتاچی و قۆرغکار لە دەسەڵاتن دوور لە ڕەهەندی نیشتمانی بونیادنەر دیارە.

دیارە ئەم قورساییە بووەتە زەخامەتێک بۆ ناهاوسەنگی بنەما یاساییەکانی هەرێمی و گلەیی و گازاندەی مووچەخۆرانی، چونکە بەشە مەینەتییەکان گەیشتە دەسەڵاتی کوردی، ئەمڕۆ فەرمانگە میرییەکان بەو میکانیزمە نابەجێیە کاران، ئەگەرچی حکوومەت و دەسەڵاتی کوردی بە ڕەهەندە نیشتیمانییەکان خەریک بووە، بەڵام پێشینان فەرموویانە ئەگەر لە تەنیشت ئاگر دانیشتی پشکێکت هەر پێ دەکەوێت! گڕی ئەم هەڵگیرسانەش لە فەرمانگە میرییەکان وەرچەرخا لە کاتی بەدیکردنی جیاوازی شایستە داراییەکان لەنێوان فەرمانبەر و بەرپرس کە لە دوو پانتایی فراوان و لەیەک دوورن، لە هەمان کاتیش بارگرانیی و قورساییەکی بەرچاوە بۆ سەر داهاتی گشتی هەرێم، وێڕای مەزندەکردنیشی وەکو مەسجێکی شاراوە بۆ کوشتنی بەهرەمەندیی فەرمانبەر، کەوا ببینەکاتەوە پەرە بە لایەنی پەرەپێدانی گەشەسەندنی بوارەکەی فەراهەم بکات لە دەرهاویشتە و خۆێندنەوەکان کە ڕاستەوخۆ لە دڵ و دەروونی فەرمانبەر تۆمارە، لە لغاوکردنی تووڕەیی ناخی خۆی، کە چەندین ساڵە خەفەی کردووە بە نەرێنی بوونی ئەرکە سپێردراوەکان ڕۆڵی بەرجەستە بووە. بۆیە وەکو لایەنی جێبەجێکار لە ئەرکەکانی خەمساردە و بە خەم ساردییەکەی خۆشی شادومانە، چونکە لەبەر چاوی ڕۆشنە بەڕێوەبەرەکەی بە نەرمە یاسایەکی نادڵپەروەر تەخشان و پەخشان بە داهاتی گشتی و سەروەتی نیشتمان لەهەڵسوکەوتی بەرقەراوە.

هەروەها هەمیشە بەشێک لە بەرپرسە ئیدارییەکان بەخواروو خۆیان ئەڵێن ئەوە فەرمانە؟ لە ڕێگەی ئەم ڕێچکەیەشەوە دەکەونە قۆناغی قۆرغکاری و بەکارهێنانی دەسەڵاتی لەهەڵسوراندنی ئاشی فەرمانگا بە ویست و بەڕژەوەندی خۆی، دیاریشە ئامادەدانم بە بەشێکە لەبەرپرسانی یەکە ئیدارییەکان، تەنانەت بەشێک لەفەرمانگەکان شێوەی مولکداری خۆیەتی پێوە دیارە.

لە یاسا بنەڕەتییە سەرەکییەکان کە لە داموەدزگا فەرمییەکانی حکوومەتی فیدراڵ کاران، ناکەوێتە بواری جێبەجێکردن، لە یاسای تاوانەکانیش ئەم قۆرغکردنە بە تاوان لەقەڵەم دراوە، تاوانی قۆرغکردنی وەزیفیی بەڕوونی لە یاسای تاوان، ئاماژەی پێ دراوە کە لە ژمارە 111لە ساڵی 1969لە بڕگەکانی دا زۆر بەڕوونی وێنەی قۆرغکردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێ دراوە. لەبڕگەیەک لە دوای یەکەکانی 308، 309، 310، 311، 312، 313 ، 314 هەروەها بڕگەی 703 خۆ ئەگەر وردبینین لە لۆکالی بوونی ئەم پەتایەدا، لە ڕاستیدا بەبێ ئاماژەدان بە سەرچاوەی گەندەڵی، تەنها بڵێین خودی بەرپرسی یەکەم بەرپرسیارە و فەرمانبەریش چونکە بنجوبنەوانی لە داڕێژەری سیاسەت و نەهجی حکوومەتی فیدراڵەوە و تەوزیف کراوە بە هەمان مۆد و هەمان ستایلی لە هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ ئەم بۆشاییە لە داموەدزگا فەرمییەکاندا بەدی ئەکرێ کە ئەمڕۆ لە فەرمانگا میرییەکان هیچ بەرپرسێکی فەرمی و فەرمانبەرێک خۆی بە خاوەنی نازانێت، لەکاتی دەستدرێژکردنی پەنجەی تاوانەکان هەمیشە فەرمانبەر ڕووگای ئاراستەی تۆمەتەکان بۆ سەرووی خۆی وەردەگێڕێت، کە تای تەرازووی لەکاتی ئەنجامگەیاندنی ئەرک و ماف لاسەنگە و لە ئاسەوارەکانی ئەو نەهامەتیانەیە کەوا لە کابینە یەک لەدوایەکەکانی پێشوودا کەڵەکە بووە و ئەم قەیران و ئەم قورساییەی هێنایە بەرهەم.

ئەگەر تیشکیش بخرێتە سەر هەر سێ دەسەڵاتەکە تەشریعی و تەنفیزی و قەزائی لەدەستنیشانکردنی بەشێک لە بەرپرسانی یەکە ئیدارییەکان، بۆمان دەردەکەوێت کە وڵات لە چ وێرانەیەکدا گوزەر دەکات! کە خەمی هەرەگەورەیان خۆپێگەیاندن و خۆ دەوڵەمەندکردن و ئیفادی بێ بنەما و ئیمتیازاتە نەک خەمی پێشکەوتنی فەرمانگەکەی و دارشتنی پلان و ستراتیژ، کە بەرپرسی یەکەکان هەرگیز ئەو خەمە خولیای ئاراستەکانیانی داگیر نەکردووە و بەرپرسانیشی سەرقاڵ نەکردووە، ئەگینا چۆن دەبێت پاش بیست و هەشت ساڵ کێشەی ئاو و کارەبا و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی ژیان لەپلەبەندی هەرە نزمەکان وێنای بێتنێت و بۆ پۆزش هێنانیش باس لە نەبوونی بودجە و قەیرانە سیاسییەکان بکرێت، ئەی داهاتی باجی موئەسەساتە خزمەتگوزارییەکان بۆ کوێ چوو؟

لەدواییدا دەبێ بڵێین لە ڕوانین بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە، هێزێکی لە ڕادەبەدەر لە ئیرادەگەرایی گەرەکە بۆ جێبەجێکردنی ئاسۆی بەرنامەی چاکسازی، بەڵام ڕەوانەوی ئومێد لە جێگای بێ ئومێدی و چیتر هاووڵاتی وشەی چاک دەبێ و ئینشائەللا و بەتەمای خوا، ئەمجارە دووبارە نەکاتەوە، ڕاستە ئومێد خۆشە! بەڵام حکوومەتی موئەسەساتی لەپاڵ ئومێد، بەرنامە و ستراتیژی مەبەستە، بەئەلیکترۆنیکردنی داموەدزگاکانی پێویستە، ئەم گوند و گژپانە کە لەیاسادا کارایە، بەگەڕانەوە بۆ بیردۆزی نەزەریەی تاریئە و بنەمای زەروورەت قەدەغەکراوەکان حەلاڵ دەکات چارەسەر دەبێت و بۆ هەموارکردنەوەشی تەنها پێویستی بە بڕیارە.

*** ماستەر لە یاسای گشتی/زانکۆی حیکمە-بەیروت.**

پۆلیسی میسر هەڵیکوتایە سەر نووسینگەی ئاژانسی ئانادۆڵو لە قاهیرە

بەگوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی ئەنادۆڵو، دوێنێ چوارشەممە پۆلیسی میسر هەڵیکوتاوەتە سەر نووسینگەی ئاژانسی ئانادۆڵو لە قاهیرە و کامێراکانی چاودێری و ئینتەرنێتی نووسینگەکەیان داخست. هاوکات هێزەکانی ئەمنی میسر دەستیان بەسەر پاسپۆرتی کارمەندان و مۆبایل و کۆمپیتەرەکانیدا گرتووە و پەیوەندی نووسینگەکەیان لەگەڵ دەرەوەدا پچڕاند.

بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایدەگەیەنێت، ئەگەر هێزەکانی وڵاتەکەی لە عێراق بکشێنەوە، ئەوا وەبەرهێنەرانی بیانیش ئەو وڵاتە بەجێ دەهێڵن و ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش دەگەڕێتەوە.

جۆی هود، جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وتارێکدا لە پەیمانگای تاویژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە واشنتن، ڕایگەیاندووە، کشاندنەوەی هێزە ئەمەریکییەکان لە عێراق، بەجێ دەهێڵێت. جۆی هود هەروەها ڕایگەیاندووە، بە کشانەوەی هێزە ئەمەریکییەکان لە عێراق، وەبەرهێنەرانی بیانیش ئەو وڵاتە بەجێدەهێڵن و چەکدارانی داعیش سەرهەڵدەدەنەوە و دووبارە خاکی ئەو وڵاتە داگیر دەکەنەوە. پەرلەمانی عێراق ڕۆژی یەکشەممە 2020/1/5 بەهۆی کۆڕانی قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس، بەبێ ئامادەبوونی نوێنەرانی کورد و سوننە، بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکانی لە عێراق، پەسەند کرد.



دانوستاندنەکان بۆ ڕەشنووسی کۆتایی دەستووری سووریا بەردەوامن

حەواس عەگید: دەبێت دەستووری سووریا ددان بە مافی کورددا بنێت

ئەندامی دەستەی دانوستانکاری سووریا ڕایگەیاند، ئێستا دانوستاندنەکان بۆ گەیشتن بە ڕەشنووسی کۆتایی دەستووری سووریا بەردەوامن. حەواس عەگید، لە لێدوانێکی تایبەتیدا بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: کوردیش داواکاریی هەیە، داواکارییەکانی کورد بریتین لە: یەکەم: ناوی سووریا، کۆماری سووریا بێت، دووەم: سووریا وڵاتێکی فرەئایین و فرەنەتەوە و فرەپێکهاتە بێت، سێیەم: دەستووری سووریا ددان بە مافی کورددا بنێت. چوارەم: زمان و کولتووری کورد لە سووریا فەرمی بێت و پێنجەم: پرسی کورد پرسێکی نیشتمانی بێت و سیاسەتی پێشوو بەڕانبەر بە کورد جێبەجێ نەکرێت و کوردەکان قەرەبوو بکرێتنەوە. ناوبراو دەشڵێت: جگە لەم داواکارییانە چەندین پرسی تریش بۆ ئایندەی سووریا و پشکداریکردنی کارای کورد لە ناوەند و مەرجەعی بڕیاردانی ئایندەی سووریادا هەیە.

بەرپرسێکی ئەمەریکا:

ئەگەر هێزەکانمان لە عێراق بکشێنەوە وەبەرهێنەرانیش دەکشێنەوە و داعش دەگەڕێتەوە

بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایدەگەیەنێت، ئەگەر هێزەکانی وڵاتەکەی لە عێراق بکشێنەوە، ئەوا وەبەرهێنەرانی بیانیش ئەو وڵاتە بەجێ دەهێڵن و ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش دەگەڕێتەوە.

جۆی هود، جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وتارێکدا لە پەیمانگای تاویژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە واشنتن، ڕایگەیاندووە، کشاندنەوەی هێزە ئەمەریکییەکان لە عێراق، وەبەرهێنەرانی بیانیش ئەو وڵاتە بەجێدەهێڵن و چەکدارانی داعیش سەرهەڵدەدەنەوە و دووبارە خاکی ئەو وڵاتە داگیر دەکەنەوە. پەرلەمانی عێراق ڕۆژی یەکشەممە 2020/1/5 بەهۆی کۆڕانی قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس، بەبێ ئامادەبوونی نوێنەرانی کورد و سوننە، بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکانی لە عێراق، پەسەند کرد.





وێڕای دژایەتیی وڵاتانی عەرەبی.. ئیسرائیل غازی سرووشتی هەنارەی میسر دەکات

وەزارەتی وزەی ئیسرائیل بڵاویکردەوە کە دەستیکردووە بە هەنارەکردنی غازی سرووشتی بۆ میسر. لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لە لایەن وەزارەتەکەوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە ئیسرائیل دەستیکردووە بە هەنارەکردنی غازی سرووشتی بۆ میسر، ئەو هەنگاوەش خزمەت بە بەرژەوەندییە ئابووریییەکانی هەردوو وڵات دەکات. هەروەها لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوەش کراوە کە بەشێک لەو غازەی لە ئیسرائیلەوە دەنێردرێت لە میسر شل دەکرێتەوە و هەنارەی ئەوروپا دەکرێت. ئیسرائیل لە یەکی کانوونی دووەمدا دەستیکرد بە هەنارەکردنی غاز لە کێڵگەی لویاسان لە دەریای ناوەڕاست بۆ ئوردن. بەپێی ڕێککەوتنی 2019ی نێوان ئەو کۆمپانیایانەی کارپێکردنی کێڵگەکانی غازی سرووشتی لویاسان و تاماری سەر بە ئیسرائیلیان لەدەستدایە لەگەڵ کۆمپانیای دۆلفینۆسی میسر، ئیسرائیل بەدرێژایی 15 ساڵ بە بەهای 5،19 ملیار دۆلار 85 ملیار مەتر سێجا غازی سرووشتی هەنارەی میسر دەکات.

بەڕێوەبەری سەرۆکی حکوومەت بەڕێوەبەری نوێی پۆلیسی هەولێر دیاری کرا



بە بڕیاری سەرۆکی حکوومەت و لەسەر راسپاردەی وەزیری ناوخۆ، بەڕێوەبەری نوێی پۆلیسی هەولێر دیاری کرا. دوێنێ چوارشەمە، بە بڕیاری سەرۆکی حکوومەت، مەسرور بارزانی و، لەسەر راسپاردەی وەزیری ناوخۆ، ڕێبەر ئەحمەد، عەمید دلێر نەجات یاسین نەجار، وەک بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر دیاری کرا. عەمید دلێر نەجات، خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە زانستەکانی پۆلیس و هەروەها لە یەکەمەکانی کۆلێژی پۆلیسی هەولێریشە.

بەرپرسێ لقێ ئێک هایداری ڕەوشا ساخلەمیا پێشمەرگەهێ دێرین بنیامێن بریفکی بوو



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێک سەرا نەخۆشخانا ئازادی دا و ژنێزیکی ڤە هایداریێ ڕەوشا تەندروستیا پێشمەرگێ دێرین (بنیامێن یوسف حەیدەر) بریفکی بوو، ئامادەبوونا خوە ژێ بو هەر هاریکاریەکێ دا دیارکرن و هیڤی خواست هەرچی زویترە ژ ڤێ نەخوشییێ قورتال ببیت. ئەڤەو ناڤبری ژی سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژ بۆ ڤێ لێپرسینێ.

پارێزگەرێ دهۆکێ: هەر ئەردەکێ بهێتە کوژاندن دبێت خودانێن ئەردی ب ڕەنگەکێ دادپەروەرانە بهێنە قەرەبووکرن



دوهێ، فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهۆکێ سەرپەرشتیا لێژنا کوژاندنا ئەردی کر. دکومبونێدا بەحسێ پێدڤیا پروژێن خزمەتکاری وبەرهەمئینانێ و گەشپێدانێ ئەوێن بریارە ل پاشەرۆژێ ل سنورێ پارێزگەها دهۆکێ بهێنە ئەنجامدان ب ئەردێ پێدڤی بو وێ یەکێ پروژێن کەرتێن ناڤبری ل سەر بهێنە ئافاکرن هاتە کرن. پارێزگەرێ دهۆکێ تەکەزکر کو هەر ئەردەکێ بهێتە کوژاندن دڤێت د بەرژەوەندا سازیێن حکومەتا هەرێمێ دا بیت و هاولاتی و خودانێن ئەردی ل دوڤ رێنما و ب رەنگەکێ دادپەروەرانە بهێنە قەرەبوکرن. هەروەسا گوت: دڤێت پروژێن خزمەتکاری و بەرهەمئینانێ و گەشەپێدانێ ل دوڤ یاسایێ و رێنمایێن گشتی باشترین شێوە بهێنە بجهئینان. پاش گەنگەشێن تێر وتەسەل ل سەر بابەتێن کومبونێ هاتنە کرن.

ئاگادارییەک لەبارەی بێدەنگکردنی مۆلیدە ئەهلییەکانی هەولێر بڵاودەکرێتەوە

خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: پارێزگای هەولێر ئاگاداری ئەو کەسانە دەکاتەوە، کە ئارەزووی دانانی مۆلیدەی بێدەنگیان هەیە. پارێزگای هەولێر ئاگادارییەکی بڵاو کردووەتەوە و ئاماژەی بەوە داوە، دوابەدوای بڕیاری پارێزگای هەولێر بۆ بێدەنگکردنی مۆلیدە ئەهلییەکان کە دەبێ تا 2020/5/1 سەرجەمیان بکرێنە بێدەنگ (کاتم)، وێڕای جەختکرنەوەمان لەسەر ئەم بڕیارە، ئاگاداری هەر کەسێک دەکەینەوە ئارەزووی دانانی مۆلیدەی بێدەنگی هەیە، تا 2020/3/1 ناوی خۆی لەلای لێژنەی مۆلیدەکانی پارێزگای هەولێر تۆمار بکات. باس لەوەش کراوە، تۆمارکردنی ناوی ئەو کەسانە بۆ ئەوەیە، بەپێی ڕێزبەندیی تۆمارکردن لە شوێنی ئەو مۆلیدانە دایانبنێن، کە بە بڕیارەکە پابەند نابن.

بڕیارە سەرەتای هەفتەی داهاتوو تیروپشک بۆ حاجیانی ئەمسالّی کوردستان ئەنجام بدرێت



گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، بڕیارە سەرەتای هەفتەی داهاتوو وەزارەتی ئەوقاف لە پرۆسەیەکی شەفاف و ئاشکرادا و بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی، تیروپشک بۆ حاجیانی ئەمسالّی کوردستان ئەنجام بدات، کە پشکی هەرێمی کوردستان بۆ حەجی ئەمسالّ 4 هەزار و 500 کەسە. نەبەز ئیسماعیل، بۆ مالّپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: سالّی 2017 خەلّکی هەرێمی کوردستان ناوی خۆیان بۆ پرۆسەی حەج تۆمار کرد، کە ژمارەیان 72هەزار و 202 کەس ناویان لای ئێمە مابوو، بۆیە ئێمەش دوای دیداری حەج، بڕیار درا تیروپشک بۆ حاجیانی ئەمسالّ ئەنجام بدرێت. ناوبراو گوتیشی: ئەمسالّ تیروپشک تەنها لەو ناوانە ئەنجام دەدرێت کە لە سالّی 2017 ناوی خۆیان تۆمار کردبوو و ناویشیان بۆ حەجکردن دەرنەچووبوو، بۆیە ئەمسالّ تیروپشکیان بۆ دەکرێت و پشکی هەرێمی کوردستانیش کە 4 هەزار و 500 کەسە، هەلّدەبژێردرێن. هەروەها ڕوونیشی کردەوە، پرۆسەی تیروپشک بە ئاشکرایی و بە ئامادەبوونی دادوەر سەعات نۆی بەیانی ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو لە دیوانی وەزارەتی ئەوقاف بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی ئەنجام دەدرێت. ئەو تیروپشکەی ئەنجام دەدرێت، تەنها بۆ ئەمسالّ دەبێت، کە لە ناوە کۆتە تۆمارکراوەکانی سالّی 2017 ئەنجام دەدرێت.

حکوومەتی عێراق دان بە پێنج زانکۆی دیکەی هەرێمی کوردستان دەنێت

حکومەتی عێراق بەفەرمی دانی بە پێنج زانکۆی دیکەی حکومیی هەرێمی کوردستاندا نا و بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا دان بە چوار زانکۆی دیکەشدا بنێت. عەبدولڕەحمان سپێنداری، ئەندامی لیژنەی خوێندنی بالّا لە پەرلەمانی عێراق بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند بە هەولّی من و هەریەک لە تەها محەمەد و محەمەد شاکر لە لیژنەی خوێندنی بالّا، حکومەتی عێراق دانی نا بە پێنج زانکۆی دیکەی هەرێمی کوردستاندا. ئەو ئەندامەی لیژنەی خوێندنی بالّا لە پەرلەمانی عێراق ئاماژەی بەوەش کرد، ڕۆژی چوارشەمە (2020/15/1) بە فەرمی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دان بە هەریەکە لە زانکۆکانی ڕاپەڕین، زاخۆ، سۆران، هەلّەبجە و کوردستاندا ڕاوە.

عەبدولڕەحمان سپێنداری ئەوەشی خستەڕوو، زیاتر لە سالّێکە کار بۆ ئەوە دەکەن کە حکومەتی عێراق دان بە نۆ زانکۆ لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بنێت کە سەرجەم ئەو نۆ زانکۆیە، زانکۆی حکومین. ئەندامەکەی لیژنەی خوێندنی بالّا لە پەرلەمانی عێراق لەبارەی ئەو چوار زانکۆیە کە هێشتا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دانیان پێدا نەنراوە گوتی: هەریەکە لە زانکۆکانی گەرمیان، پۆلەتەکنیکی هەولێر، پۆلەتەکنیکی دهۆک و پۆلەتەکنیکی سلێمانی دانیان پێدا نەنراوە؛ لەبارەی هۆکارەکانی دانپێدانەنان بەو چوار زانکۆیەش ئاماژەی بەوە کرد، دانپێدانانیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەسەر کات وەستاوە و لە داهاتوویەکی نزیکدا دان بەو زانکۆیانەشدا دەنرێت.

ڕێکخراوی WHO پالّپشتیان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی دووپاتکردەوە



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: د. دلّۆڤان محمد فاتح جلال بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی پێشوازیکرد لە بەرپرسی نوسینگەی هەولێری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO و شاندی یاوەری، لە کۆبوونەوەکەدا تیشک خرایە سەر هەماهەنگی نێوان هەردوو لا، پاشان بەڕێوەبەری گشتی تیشکی خستەسەر ئەو ئامادەکارییەی لە بەرەنگاربوونەوەی پەتای ئەنفلەوەنزای وەرزی و پێویستیەکان کە کاری بۆ کراوە لە ڕووی دەرمان و پزیشک و کارمەندانی ڕاهێنەدراو لە سەنتەری نەخۆشیە گواستراوەکان لە نەخۆشخانەی هەولێری فێرکاری، پاشان ڕێکخراوی ناوبراو جەختیان کردەوە کە پالّپشت دەبن بۆ هەماهەنگی بۆ هەلّمەتەکانی هۆشیاری و کارە پزیشکیەکان بۆ بەڕێوەچوونی باشترین خزمەتگوزاری تەندروستی لە هەولێری پایتەخت.

دهۆک... دوو ڕووداوی هاتووچۆ هەشت قوربانیی لێدەکەوێتەوە



لە دوو ڕووداوی هاتووچۆی جیاوازدا لە سنووری پارێزگای دهۆک دوو ئافرەت گیانیان لەدەستدا و شەش کەسی دیکەش بریندارببوون. ئازاد تەها، گوتەبێژی پۆلیسی هاتووچۆی پارێزگای دهۆک بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند، هەشت کەس لە دوو ڕووداوی جیادا لە پارێزگای دهۆک بونەتە قوربانی، دووانیان گیانیان لەدەستداوە کە ئافرەت نیسان سەنی و ڤۆلکس واگن جیتادا. لەم ڕووداوەدا ئافرەتێک گیانی لەدەستداوە و سێ کەسی دیکەش بریندارببوون. ڕووداوی دووەم لەسەر ڕێگەی زاخۆ بۆ شارۆچکەی باتیفا لە نزیک گوندی دارهۆزانێ بووە. لەو ڕووداوەدا دوو ئۆتۆمبێلی جۆری تۆیۆتا کرۆلا و تۆیۆتا پیکاپ پێکیانداداوە و بەهۆیەوە ئافرەتێک گیانی لەدەستداوە و سێ کەسی دیکەیش بریندارببوون.

خەبات
www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/1/16 ژمارە (5912)







ڕووبەری باخچەکە 200 دۆنم و 180 جۆر ئاژەڵی تێدایە

باخچەی ئاژەڵانی هەولێر لە وەزری بەهاردا دەکرێتەوە و ڕۆژانە لە توانایدایە پێشوازی لە 5000 هەزار سەردانیکار بکات

خاوەنی باخچەی ئاژەڵانی هەولێر: تا هەموو کارەکانی باخچەکە تەواو دەبێت 95 ملیۆن دۆلار تێچووی دەبێت

خەبات – عەلی بانیشاری

باخچەی ئاژەڵانی هەولێر پرۆژەیەکی کەرتی تایبەتە و دەکەوێتە شارۆچکەی کەسنەزان لەسەر ڕێگەی سەرەکی هەولێر-کۆیە. لە 2010دەست بە دروستکردنی باخچەکە کراوە، بەهۆی یەکلایکردنەوەی کێشە یاساییەکان و شەڕی داعش و قەیرانی دارایی 5-4ساڵ کارەکانی دواکەوتووە. بەوتەی خاوەنی باخچەکە ئەم بەهارە بەڕووی سەردانیکاراندا دەکرێتەوە.





هێرش خۆشناو دەڵێت: تائێستا 45ملیۆن دۆلارمان لە باخچەکەدا خەرجکردووە، بەتەواوبوونیشی 95ملیۆن دۆلاری پێویستە. پرۆژەی دروستکردنی باخچەی ئاژەڵانی هەولێر بە ژمارە 333مولکەتی وەبەرهێنانی وەرگرتووە و کۆمپانیای تەیار کە یەکێکە لە گروپی کۆمپانیاکانی 77جێبەجێی دەکات.

هێرش خۆشناو دەڵێت:" 10 ساڵ لەمەوبەر دەستمان بە دروستکردنی پرۆژەی باخچەی ئاژەڵانی هەولێر کرد، بەڵام بەهۆی چەند کێشەیەک لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ ماوەی سێ ساڵ کارەکانی دواکەوت. پاش ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە کەیسەکەمان بردەوە قەیرانی دارایی بەسەرداهات و لەوێش بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ پرۆژەکە دواکەوت".

ئەو دەڵێت:" پرۆژەی باخچەی ئاژەڵان پرۆژەیەکی ستراتیژیە و لە پایتەختی هەموو وڵاتاندا باخچەی ئاژەڵان هەیە، بەڵام ئێمە ئەوەمان نەبوو، یان هەمانبوو، بەڵام وەکو پێویست نەبوو، پاش سەردانم بۆ چەند وڵاتێک هەستم کرد ئێمە لەو ڕووەوە بۆشاییەکی گەورەمان هەیە، دواتر لە کابینەی حەوتدا داواکارییەکمان پێشکەشکرد و بە سوپاسەوە سەرۆکی ئەو کاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەند بوو کە باخچەکە دروست بکەین".

پرۆژەی دروستکردنی باخچەی ئاژەڵانی هەولێر سێ قۆناغە، قۆناغی یەکەم کە 320هەزار مەتر دووجایە تەنها قیرتاوکردنی ماوە. ئەم قۆناغە لەم بەشانە پێکدێت (بەشی ئاژەڵ، بەشی پارک، بەشی ڕێستۆرانت، بەشی کۆشەکەکان، دوو ناوچەی پاریزراو، 100کەپر بۆ حەوانەی سەردانیکەران، بەشی بالندە کە 20هەزار مەتر چوارگۆشەیە).

هەروەها خاوەنی باخچەی ئاژەڵانی هەولێر دەڵێت:" 180جۆر ئاژەڵمان هەیە و 1800-1500بالندەشمان هەیە". دەشڵێت:" ئاژەڵەکانمان لە ئەفریقا، ئاسیا، ئیمارات، ڕووسیا، ئەوروپاوە هێناوە، ئەمە بێ لە ژمارەیەکی زۆر لە ئاژەڵی ناوخۆیی".

گوتیشی:" لە ئێستادا هێنانی ئاژەڵ لە دەرەوە تەواو بووە و دەتوانین باخچەکە بکەینەوە". باخچەی ئاژەڵانی هەولێر باخچەکە لە سێ بەشی پێکدێت(بەشی دڕندەکان، بەشی گیانلەبەری بێ زیان، بەشی بالندە). هێرش خۆشناو دەڵێت:" بۆیەکەمجار لەسەر ئاستی عێراق ئێمە توانیوومانە تاوەری کۆتر دروست بکەین، کە تەنها لە وڵاتی میسر هەیە".

پاش تەواوبوونی کارەکانی باخچەی ئاژەڵانی هەولێر ڕۆژانە 12- 14کاتژمێر کراوە دەبێت و لە توانایدایە پێشوازی لە 5-3هەزار سەردانیکەر لە ڕۆژێکدا بکات. بەوتەی هێرش خۆشناو بەتەواوبوونی پرۆژەکە 500هەلی کاری ڕاستەوخۆ و 1500هەلی کاری ناڕاستەوخۆ بۆ خەڵکی دەڕەخسێنن. لە باخچەی ئاژەڵانی هەولێر پێنج جۆر پلنگ هەیە کە بەشێکی سەرەکی باخچەکەیە پێکدێنن. هێرش خۆشناو دەڵێت:" پلنگی بلاک جاکوار کە لە باخچەی ئاژەڵانی هەولێر هەیە تەنها 50دانەی لە دونیادا ماوە".

دەشڵێت:" وێنەی پلنگی کوردستانمان کردووەتە لۆگۆی باخچەکەمان".

لەبارەی سوودەکانی باخچەی ئاژەڵانی هەولێر، خۆشناو دەڵێت:" باخچەکە چەند سوودێکی هەیە لەوانەش: یەکەم، بۆشاییەکی گەورەی بواری گەشتیاری پردەکاتەوە. دووەم، باخچەکە دەبێت یەکێک لە دیارترین پرۆژەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست". سەبارەت بەو هاوکارییانەی باخچەی ئاژەڵانی بەغدا پێشکەشی باخچەکەیانی کردووە؟ هێرش خۆشناو دەڵێت:" بە سوپاسەوە بەغدا چەند ئاژەڵێکی وەکو دیاری پێ بەخشیوین". باخچەی ئاژەڵانی هەولێر ئەندامە لە باخچەی ئاژەڵانی جیهان. هێرش خۆشناو چاوەڕوانە باخچەکەیان بکەوێتە سەر نەخشەی باخچەکانی جیهان. ئەو دەڵێت:" ئێمە لەگەڵ باخچەی ئاژەڵانی هامبۆرگ زوو خوشکین، چونکە دیزاین و نەخشەی ئێمە لەژێر چاودێری هامبۆرگ زوو بووە".

هێرش خۆشناو باس لەوەشدەکات لەبەر دوو هۆکار شارۆچکەی کەسنەزانمان بۆ دروستکردنی پرۆژەکە هەڵبژاردووە. یەکەم، ئاو هەوای کەسنەزان 4-3 پلەی لە هەولێر جیاوازترە. دووەم، پارچەکە زەویەکە هی خۆیان بووە. خاوەنی باخچەی ئاژەڵانی هەولێر داوا دەکات حکوومەتی هەرێم هاوکاریان بکات و لە پرۆژەکەیان بگات. خۆشناو دەڵێت:" لە هەموو دونیا ئەم جۆرە پرۆژانە هی کەرتی گشتین، نەک تایبەت، ئەگەر کەرتی تایبەتیش جێبەجێی بکات حکوومەت لە 70% پاڵپشتی مادی و مەعنەوی پرۆژەکە دەکات". ئاماژەی بەوەشدا تاوەکو ئێستا وەکو پێویست پشتیوانی نەکراون.

قوربانییەکی تەقەی خۆشی داوا دەکات لە مەترسیی بڕینەوەی قاچەکانی ڕزگار بکرێت

چنوور تۆفیق: گوللەیەک کۆتایی بە یارییەکانی منداڵی و خەونەکانم هێنا

لەڕێگەی (خەبات)ەوە داوا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکات بە هانایەوە بچن

خەبات – بڕیار کۆیی

(چنوور تۆفیق معروف)لەدایکبووی ساڵی 1983ی شاری سلێمانییە تەمەنی تەنیا چوار ساڵ بووە لە ساڵی 1987کاتێک لەگەڵ هاوڕێکانی خەریکی یاریکردن بووە لە بۆنەیەکی حزبی بەعسی ڕووخاو تەقەی خۆشی دەکرێ و گوللەیەکی وێڵ بەر پشتی دەکەوێت ، 15ڕۆژ لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە بەڵام پشتگوێ دەخرێ و گوللەکە لە پشتی دەرناهێندرێ تا دواجار دەبێتە هۆی لە دەستدانی قاچەکانی و تاوەکو ئێستا ناتوانێ بە پێیەکانی خۆی ڕێبکات.

هەرچەندە لەسەر کورسیی جوڵاو بووە بەڵام چنوور کۆڵی نەداوە و خوێندنی تەواو کردووە و ئێستا مامۆستای قوتابخانەیە لە سنووری پارێزگای سلێمانی، چنوور دەڵێ چەند جارێک هەوڵی چارەسەرکردنی دراوە لە ناوە و دەرەوەی وڵات و چەند نەشتەرگەرییەکیشی بۆ کراوە و یەکێک لە نەشتەرگەرییەکان کە لە وڵاتی چین بۆی کراوە تا ڕادەیەک سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و دوای سێ ڕۆژ لە نەشتەرگەرییەکە توانیویەتی قاچەکانی بجوڵێنێ بەڵام بە پێی گوتەی خۆی دوای گەڕانەوەی بۆ هەرێمی کوردستان لە سەنتەرێکی چارەسەری سروشتی کاتێک ڕاهێنەرەکان سەرقاڵی چارەسەرکردنی دەبن قاچی دەشکێندرێ و ئەمەش جارێکی دیکە بێ هیوای دەکات لە خەونە گەورەکەی کە بە پێ ڕۆیشتنە.



چنوور دەیەوێ لە ڕێگەی ڕۆژنامەی(خەبات)ەوە دەنگی بە لایەنی پەیوەندیدار بگات و دەڵێ "ئێستا تەندروستیی قاچەکانم باش نییە و دەماری قاچەکانم بەرەو تەسکبوونەوە و پوکانەوە دەچن و مەترسیی توشبوونم بە حاڵەتی گانگرین هەیە و ئەگەری ئەوەیە هەیە قاچەکانم ببڕێنەوە و هیوادارم نەگەمە ئەو ڕۆژە و داواکارم هاوکاری بکرێم و ببرێم بۆ دەرەوەی وڵات چونکە چارەسەرەکەم لە دەرەوەی وڵاتە و ئەو جۆرە چارەسەری من پێویستمە لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان نییە و لە وڵاتی ئەڵمانیا هەیە".چنوور دەیەوێ لە ڕێگەی ڕۆژنامەی خەباتەوە دەنگی بە ڕێزداران سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بگات بۆ ئەوەی بەزووترین کات چارەسەری بکرێت و لە مەترسیی بڕینەوە قاچەکانی ڕزگاری ببێت.

چنوور سەرەڕای خەمی خۆی داوا لە خەڵک دەکات کە بۆ ساتێک خۆشیی دڵی خۆیان کەسێک لە ژیان بێبەش نەکەن و لە هیچ بۆنەیەکدا تەقەی خۆشی نەکەن، چونکە زۆر جار ئەو گوللەیە دەبێتە هۆی لەناوبردنی ژێحێک یان لەناوبردنی خەون و ئاواتی مرۆڤێک کە من نموونەیەکی زیندووم.





چاکسازی کاری لەپێشینەیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە



ناسر مەلا حەکیم

کاریگەری یاسای هەڵبژاردنی نوێ لە سەر چارەنووسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم

لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی رۆژی سێ شەمە (24/12/2019) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ مناقشەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، (حەلبوسی) سەرۆکی پەرلەمان جەختی لەوە کردەوە کە بە مەبەستی گەراندنەوەی متمانەی نێوان خۆپێشاندەران و رەوتی سیاسی وڵات یاسایەکی تازە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەمواردەکرێتەوە کە لە بەرژەوەندیی وڵاتدا بێت و نابێت یاساکان لە بەرژەوەندیی هیچ لایەن و حیزبێکی سیاسی و پێکهاتەیەکدا خولاسە بکرێتەوە.

بەڵام لەراستیدا یاسای هەڵبژاردنەکانی تازە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ حزبە سیاسییە گەورەکان و هیچ سوودێکی بۆ خۆنیشاندەرانی شەقام نابێت و ئەم یاسایەش کۆمەڵێک گرفتی هونەری و تەنانەت سەرپێچی دەستووریش لە کاتی جێبەجێکردنیدا لەگەڵ خۆیدا ئەهێنێ، وەکو گەرەنتی ڕێژەی ژنان و چۆنیەتی جێگیرکردنی ئەو ڕێژەیە لە دەستووردا کە گوایە بۆ هەر سەد هەزار کەس کورسییەک تەرخان کراوە، ئەی بۆ ئەو بازنانەی کە ڕێژەی دانیشتوانەکەی زیاتر یان کەمترە لە سەد هەزار کەس چۆن دەبێت؟ تەنانەت لەکاتی لێکدانی زیاتر لە قەزایەک لەوانەیە بە هەزاران کەس بە زیادی بمێنێتەوە، ئەمانەو تەنانەت دەستنیشانکردنی کوتلەی گەورە دەبێتە گرفتێکی گەورەی تر، کە ئەمانە هەمووی نەگونجانێکی یاساییە لە دەستووری هەڵبژاردنی تاک بۆ واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراقی کە دابەش ئەبێت بە سەر پێکهاتەی جۆراوجۆر و کەلتوور و جوگرافیای جیاواز، ئەمانە دەبنە هۆی تاکەڕەوی و زۆرینەو کەمینە لە دەستەڵاتدا و بەشداری پێنەکردنی پێکهاتەکانی تر لە بریاری سیاسیی وڵاتدا، هەروەها هەژموونی حیزبە گەورەکان بەسەر حیزبە بچووکەکاندا دەسەپێت و ئەو هەمە ڕەنگییە سیاسییەی کە هەیە کاڵتردەبێتەوە کە بە هۆیەوە حیزبەکان زیاتر هانا بۆ کەسایەتییە بە ناوبانگەکانی ناوچەکان دەبەن بۆ خۆ کاندیدکردن و نوێنەرایەتیکردنیان لە بازنە بچووکەکان، ئەوەی جێگای ئاماژە و هەڵوێستەکردنە کورد لەو ناوچانەی کە دەکەونە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەبێت هەوڵ بدات ئەو شوێنە کوردییانەی کە ژمارەی دانیشتوانەکانیان کە لە سەد هەزار کەس کەمترە لەگەڵ یەکتریدا لێک بدات و ڕێگا نەدرێت بخرێنە سەر ئەو ناوچانەی کە عەرەب نشینن، چونکە لەم حاڵەتەدا کورد زەرەرمەند دەبێت و دەنگێکی زۆری بە فیڕۆ دەروات !! بەتایبەتی ئەمە لە کاتێکدایە کە پاڵێوراوانی ئەم جارە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران لە سەر ئاستی خۆپاڵاوتنی تاکەکەسی دەبێت نەوەکو لە سەر بنەمای لیستی حیزبەکان، هەر ئەندامێکی دەرچووش بۆ پەرلەمان لە جیاتی نوێنەرایەتی حیزب و پارتیزگاکەی بە دیاریکراو دەبێتە نوێنەری بازنەکەی خۆی.

خەبات:تریفە ئازاد

بۆ ماوەی دوو ڕۆژ پەرلەمانی کوردستان دەستی کرد بە خوێندنەوە خستنە ڕووی برگە و مادەکانی چاکسازی کە دەیکە خەڵکی کوردستان ئاواتیان لەسەر هەڵچنیوە کابینەی نوێەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یەکێک لە کارە لە پێشینەیەکانی ئەولەویەتی کارکردنی خۆی داینناوە ڕشتە لەسەر جێ بەجێ کردنی پرۆژەی چاکسازی.

چاکسازی لە ڕووی دارایی

د. محمد زراری، مامۆستای زانکۆ لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: کەرتی دارایی بە بەردی بناغەی ئابووری وڵات دادەنرێت وە هۆکاری بەردەو پێشچوونی ئەم سێکتەرەیە. وە پێداویستی بەردەو پێشچوونی ئەو کەرتەش بریتیە لە چاکسازی کردنی کەرتی دارایی دەوڵەت. ئەمەش لە ڕێگەی سیستەمێک کە بتوانێت ڕووبەڕوی هەموو ئەگەرەکان و پێشهاتەکان ببێتەوە ببێتە هۆی بەردەوامی و بوژانەوەی کەرتی دارایی و بەردەوام لەبەردەو پێشچونبێت. چاکسازی ڕاستەقینە بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی و ڕێگە گرتن لە بەهەدەردانی داهاتی دەوڵەت قەتیس نابێت تەنها لە بڕینی موچەی هەندێک لە پلە تایبەتەکان بەڵکو بەرای من پێویستە لە هەموو سێکتەرەکان کار بۆ چاکسازی بکرێت بۆ گەرانەوەی داهاتێکی زۆر بۆ حکومەت وە سەرلەبەری سیستەمی ئیستای ئیدارەدانی دەوڵەت پداچونەوەی بۆ بکرێت کە گرنگترینیان ئەمانەن:


1- چاکسازی لە بەدەست هێنانی داهات: ئەمەش دەرچون لەوەی کە تەنها پشت بەیەک سەرچاوەی داهات نەبەسترێت بەڵکو کشتوکاڵ پیشەسازی گەشت و گوزار هتد... فەرامۆش نەکرێت.

2- خەرجی: بەیەکێک لە خاڵە گرنگەکانی پرۆژەی چاکسازی هەژمار دەکرێت چونکە هەندێک خەرجی هەن بانکی جۆرێک لە متمانە بۆ وەبەرهێنەران و بازرگانان دروست دەکات کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆکاری بەرەو پێشچوونی بازاڕ و فەراهەمبوونی کار.

4- ڕێگرتن لە بەهەدەردان: بەهەدەردانی سامانی نەتەویی کە حکومەت زۆر جار پشتگویی دەخات وەک بەهەدەردانی ئاوو کارەبا لەلایەن هاوڵاتی کە لە بنەڕەتدا پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزاریە تێچویەکی زۆر دەکەوێت لەسەر حکومەت و بەنرخێکی کەمتر دەگاتە دەست هاوڵاتی

ئەم خاڵانەی کەباسمان کردن بێگومان ئەگەر کاری جدی لەسەر بکرێت فەرامۆش نەکرێت داهاتێکی زۆر بۆ دەوڵەت فەراهەمدەکات .من لێرەوە دەمەوێت بڵێم ئەوەی کە باسم کرد و ئاماژەم پێیان کرد لە کابینە نوێەمی حکومەتی هەرێم بەدی دەکەم چونکە ئەو هەنگاوانەی کە حکومەت هاوپشتوویەتی سەرەتایەکە بۆ نیازپاکی و بەهەند وەرگرتنی پرۆژەی چاکسازی وەدەتوانم بڵێم زۆربەی هەنگاوەکانی دەست پێکردوون.

چاکسازی و مادە و برگەکانی لە ڕووی یاسایی تاریق نامیق حسەن، شارەزا لە کاروباریی یاسایی لە بارەی چاکسازی و مادەکانی چاکسازی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: چاکسازی بەرنامەیەکە بووە بەپێداویستییەکی گرنگ لەدونیای نوێ و پێشکەوتوو و هەر سیستەمێک هەرچەندە پێشکەوتوو بێت پێویستی بەچاودێری و ڕیفۆرمە، نەخاسمە لەسیستەمەکانی وڵاتانی بەجێماوو گیرۆدەی دەستی جەنگ و هێڵە کۆلاوەکانی سیاسەت و ئەجیندای جیاوازی وڵاتان بەتایبەت خاوەن پێگەو زلهێزەکان. کرۆکی باسەکە ئەوەیە کە چاکسازی بەشێوەیەکی گشتی پێویستی بەئیرادەو خواستە و دەتوانین بڵێین چاکسازی پێویستی بەنییەتە پتر لەدەڤ و یاساکاری، چاکسازی دابەش ئاڵۆزی کێشەی چاکسازی دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی بەڕێوەبردن لەبەغدا کەنەیتوانیوە سەقامگیری سیاسی ڕابگرێ و سەروەری یاسا بپارێزێ، لەهەرێمی کوردستان کەسەر بەوڵاتی عێراقە و لەچوارچێوەی سیستەمەکەیدایە بەدوو شێواز دەتوانێ ببێ بەخاوەنی دەقی یاسایی و ڕێساکانی خۆی یەکەمیان یاسادانان لەڕێگای پەرلەمانی کوردستانەوە و دووەمیان



ڕێبوار حمە علی: چاکسازییەکان ئەگەر بچووکیش بن هیوا دروست دەکات لە دڵی خەڵکی کوردستان



تاریق نامیق: هەنگاوی چاکسازی دەبێت بەشێوەیەک جێبەجێ بکرێت کە دووربێت لە موزایەدە



د. محەمەد زراری: پێویستە لەهەموو سێکتەرەکان کار بۆ چاکسازی بکرێت بۆ گەڕاندنەوەی داهات

بەچاودێری کردنی یاسا دەرچووەکان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین میللەت لەدەرکردنی دەقە یاساییەکان نییە ئەوەندەی گرفت لەجێ بەجێکردنیانە لەلایەن جومگەکانی دەسەڵاتە جێبەجێکارەکان، چاکسازی لەسیستەمی پەرت و داڕوخاو لە وڵاتێکی وەکو عێراق سانا نییە، هەروەها یاسادانان کەئەم وڵاتە پێی ناسراوە لەئێستادا کارێکی قورسە چونکە زۆربەی نوێنەرەکان ئاشنا نین بە کۆنسێپت و





سەرۆک مسعود بارزانی، ئەو سەرکردەیەی کە هەموو ژیانی بە خاک و وڵات بەخشیوە

حەسەن نەسروڵاکان ناتوانن لە گەورەیی سەرۆک بارزانی و پێشمەرگە کەمبکەنەوە

خەبات: تریفە ئازاد

دوای ئەوەی حەسەن نەسروڵا ئەمینداری گشتی حیزبوڵلای لوبنانی لە وتارێکدا دوور لە پرەنسیپ و ئەتەکێتی سیاسی هێرشی کردە سەر سەرۆک بارزانی و تێدا هەندێک قسەی نەشیاوی لەسەر کوردو پێشمەرگەی کوردستان کردووە، لە کاتێکدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆنەویستانە لە سەنگەرەکانی بەگری خەباتی کردو دژی تیرۆرستان وەستاوەو بەرگری دەکات هەمیشە سینگی کردوتە قەڵغان، سەرۆک بارزانیش هەر لە سەرەتای تەمەنیەوە چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتی کردۆتە شان بۆ بەگری کردن لە مافی خەڵک و خاکی پیرۆزی کوردستان.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێگەی سەرۆک بارزانی بەرزتر و گەورەتر دەبێت لە کوردستان

لە سەرەتادا سیروان تۆفیق لە بارەی قسەکانی حەسەن نەسروڵا لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: لێدوانی حەسەن نەسروڵا ڕێبەری حزبوڵلا لوبنانی لەسەر پێگەی سەرۆک بارزانی و داگیرکردنی شاری هەولێر لەلایەن داعش و (گوایە؟!)، پاراستنی لەلایەن قاسم سولێمانی، دەبێ زۆر بە ئاسایی وەربگرین، لەبەر ئەوەی بێگومان کەسێکی سەر لێشێواوەو ترس گەیشتۆتە گیانی لەنێو کونە ئەشکەوت و ژێرزەمینەکان وڕێنە دەکات، چارەنووسی ئەویش وەکو هەر تیرۆرستێکی دیکە کۆتاییەکەی لەناوچوون دەبێت. ئەگەرنا هەمووان دەزانن پێشمەرگە بە ڕابەرایەتی و سەرکردایەتی جەنابی سەرۆک بوو کوردستان و هەولێری پاراست لە ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش و خەونی ئەوان و ڕێکخراوەکەی لەگۆڕنا کە دەیانخواست ئەزموونی کوردستان و پێگەی هەرێمی کوردستان لەباربەرن و دواتریش حزبەکەی حەسەن و هاوپەیمان و ئاغاکەی خۆیان تاقیکردەوەو هێرشیانکردە سەر هەولێرو کوردستان و ئاکامەکەشی ڕوونە لای هەمووان چۆن پێشمەرگە بە سەرۆکایەتی جەنابی سەرۆک بارزانی لوتی شکاندن و ڕەوانەی دۆزخی کردن لە داستانە بێوێنە و کەموێنەکانی ئەم سەدەیە داستانی پردێ و سحێلا و مەحمودیە، کە ئەوان کە بە پالەشتی و هێزێکی وا زۆر و پڕ چەکی سەردەمیانە. بەڵام ئاکامەکەی ڕەوانەکردنی جنودەکانیان بوو بۆ دۆزخ و ئەوان بۆ شکست و کورد و پێشمەرگەش بەرەو سەرکەوتن و هەڵسانەوە. دەبێ گوتارە لەرزۆک و دوور لە ڕاستیەکانی خەڵکی وەکو حەسەن نەسروڵا و هاوبیرەکانی زۆر بە سانایی وەربگرین لەبەر ئەوەی باش دەزانن خەبات و شۆڕش لەسەر دەستی سەرۆک بارزانی بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد نزیکەو تا ڕابەر و سەرکردەیە کە بێباکانە ئالای سەربەخۆیی کوردستان و گەڕانەوەی مافە داگیرکراوەکانی میللەتی کوردی هەڵگرتووە و بۆتە لەمپەر لەبەر داگیرکەرانی کوردستان زیاتر لە نیو سەدەیە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێگەی سەرۆک بارزانی بەرزترو گەورەتر دەبێت لە کوردستان و ناوچەکە و کاروانی سەربەخۆیی دەگاتە شوێنی مەبەست و ئەوانیش بەرەو پوکانەوەو نەمان دەچن. کەسێک کە تاوەکو ئێستا جورئەت نەکات بێتە ناو لاینگرانی خۆی و لە پشت شاشەی تەلەفزیۆن گوتار بدات و دوێنی و ئەمڕۆی خۆی لێک نەکاتەوەو نەزانی چی گووتوە، کەواتا کەسێکی سەر لێشێواو و ترسنۆک و بێ ئینسافە، ئەوەی حەسەن نەسرولا کردیەتی و گوتویەتی جگە لە دەرکردنی ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان کە لەژێر عەمامەیەکی گەورەو ڕیشێکی تیرۆرستییەوە هیچی دیکە نییە و پێگەی بارزانی و ڕابەری کورد زۆر لەوە بەرزترو گەورەترەو کورد گوتەنی داری بەبەرهەم بێگومان خەڵکی خراپ بەردی تێ دەگرن.



سیروان تۆفیق

سەرۆک بارزانی هەموو تەمەنی بۆ خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد تەرخانکردوە

بارزان خدر لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: کاریزمایی و ڕابەرایەتی سەرۆک مسعود بارزانی بەوجۆرە لێدوانانە کەم نابێتەوە، چونکە هەمیشە داری بەرز بەردی تێدەگیرێ، ئەوەی کە لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو ڕوویدا حەسەن نەسرولا کە سەرکردەیەکی حزبوڵلای لوبنان، بێ ڕەحمانە نەزانانە کە دووڕە لە هەموو ئەتەکێتی سیاسی و یاسایی، چەند قسەیەکی ناڕاست و بێبنەمای دەربارەی ئەزمونی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش جەنابی سەرۆک بارزانی کردووە. سەرۆک بارزانی هەموو تەمەنی بۆ خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد تەرخانکردوەو بەردەوامیشە، کە زۆرجاریش ڕووبەڕووی زۆرێک لە ئاستەنگ و تەحەدا ئەقلیمی و نێودەوڵەتی و هەتتا ناوخۆییش بۆتەوە بەوەی کە نەچۆتە ژێر باری پلان و پڕۆژەی هیچ کەس و لایەنێک، ئاشکرایە کە خودی بارزانی و حزبەکەشی ڕێگربوون لە فراوانبوونی هیلالی شیعەو گەیشتینیان بە لوبنان. قسەناڕاستەکانی نەسرولا تازەنین تاکو لامان شتێکی چاوەڕوان نەکراوبێ، هەمیشە دەبێ چاوەڕێی زۆر قسەی زیاتریش و کاردانەوەی زیاتریش لە ناحەز و دوژمنان بکەین، هەڵبەتە هەرکەسێک یان لایەنێکی ناحەز بە ئەزموون و خەڵکی کوردستان بێگومان هەر یەک دیدو ڕوئیایان هەیە بەرامبەر بە کوردستان و بەتایبەتی سەرۆک بارزانی و هەتا خودی پارتیش، چونکە ئەوەی بارزانی و حزبەکەی و پێشمەرگەکانی کردیان، شتێکی کەم نەبوو، کە لە پردێ و مەحمودیەو سحێلا داستانی دیکەیان خستەسەر خەرمانەکانی داستانەکانی دیکەی مێژووی پارتی و بارزانی، بەرامبەر بە ڕێگری لە هەژموون و دەستدرێژی ئەوان لەسەر خاکی کوردستان. بەدڵنیاییەوە لە ئێستاو لەڕابردوو بگرە لەداهاتووشدا کەسێک نەیتوانی بوو و بەرپەچی موئامەرەیەکی ئاوا گەورەی ئەقلیمی و نێودەوڵەتی کە بەشێکی ناوخۆیش بداتەوەو ڕێگری لێبکات، کە پیلانێکی ژەهراوی دژی ئەزمونی کوردستان گێڕابوو، بەڵام وەک دریژەپێدەری داستانەکانی پێشوو بەپشتیوانی خوا و پێشمەرگە قارەمانەکان و بەشداری حەکیمانەی سەرۆک بارزانی، لە پردێ و سحێلا و مەحمودییە گۆڕی ئەو موئامەرەگ دورەیە هەڵکەنراو لەوێ بەخاکیان ناشت، بەتەواوی خەونی حەسەن نەسرولاکانی بەتابووتی مەرگداچەقاند. وەک سیاسەتمەدارێکی عەرەب گووتی:



بارزان خدر

پڕۆژەی بارزانی و حزبەکەی کردیان لەدوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017 بەهیچ سەرکردەو دەوڵەتێکی عەرەبی نەکراوە. هەربۆیە بەئامانجکردنی بارزانی لەلایان ناحەزانی کوردستانە هیچ بەهایەک و شکۆیەک لەبەڕێزیان و خەبات و تێکۆشانی پڕشانازی سەرۆک بارزانی کەمناکاتەوەو بەڵکو هەمیشە ناو و ناوبانگی بە بەرزی و پڕشکۆ دەمێنێتەوە لەناو تاک بەتاکی کوردستانیان کە خۆشبەختانە تاڕادەیەکی باش هاوڵاتیانی کوردستان بێ ئینتیمائی حزبی و بیروبۆچونی جیاوازیان، بەڕاشکاوانە بەڕەچی قسەکانی حەسەن نەسرولایان دایەوە پشتیوانیان لەسەرۆک بارزانی کردو و بەمەرجەعی گەورەی کوردستانیشیان ناوزەدکرد، کە پێمایە خۆی هەنگاوێکی گەورەیە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە سەرۆک بارزانی ڕەگی لەناو ناخی کوردستانیاندا کوتاوە کە ئەمەش لەگۆڕنانی ئەو تیرۆرە ناحەزو دژیە بە بارزانی. بە خەبات و حیکمەت و هیمەت و دڵسۆزی و خەمخۆری سەرۆک بارزانی، ڕابردووی پر سەروەریەو هەڵوێستە جوامێرەکانی کە باگراوەندێکی نەتەوەیی و نیشتمانی هەیە. بچووکی و لەرزۆکی ناحەزانی کوردو کوردستان لەئاست خەبات و تێکۆشانی سەرۆک بارزانی شەرمەزارن، بۆیە ناحەزو دوژمنانی کورد لە ئێستاداو بەدیاریکراویش حەسەن نەسرولاو هاوبیرەکانی دەیانەوێت و هەوڵی ئەوەدەدەن بە ناوزڕاندنی سەرۆک بارزانی، پاکانە بۆ ترس و لەرزۆکی خۆیان بکەن کە دۆخی ئێستای ناوچەکە لەگۆڕاندایەو کەسان و لایەنی تایفی و تیرۆرست بەڕەو نەمان و لەناو چوونە. هەموو خەڵکی کوردستان دەزانێ کە پێشمەرگە قارەمانەکان بوون ڕێگربوون لە فراوانبوونی داعش و پاراستنی خەڵک و ئەزموونی کوردستان. بۆیە دەبێ هەموو لایەنی سیاسی و خەڵکی تێکۆشەرو ماندوونەناسی کوردستان یەکدەست و یەک تیم هەوڵەکانمان چڕتر بکەینەوە بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و لەگۆڕنانی خەونە گەلاوەکانی حەسەن نەسرولا ئەمسالەکانی. هەموو ڕێزو شکۆمەندی بۆ سومبوڵ و مەرجەعی کوردستان جەنابی سەرۆک بارزانی چونکە هیواو فریادەرسی خەڵکی کوردستانە بۆ گەیشتن بەمافە ڕەواکانی.



ڤلامینا وەحید

ئێمە خاوەنی سەرکردەیەکی مەزنین هەرگیز نەترساوین

ڤلامینا وەحید وەک ئافرەتێک لە بەرپەچ دانەوەی قسەکانی حەسەن نەسرولا لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: دەربارەی قسەکانی حەسەن نەسرولای لوبنانی ترسنوک، کەس نازانێت خۆی لەکوێیە، چونکە بوێری ئەوەی نییە ڕووبەڕوو لەگەڵ جەماوەرەکەی بدوێت بەڵکو لە ڕێگەی شاشە گەورەکانەوە نمایشی خۆی دەکات بۆ شۆینکەوتووانی، بۆیە ئەوە مافی ئەوەی نییە باس لە ئازایەتی پێشمەرکەیەکی هێلەکانی دواوەو بارەگا سەربازیەکانیشمان بکات، ئێمە خاوەنی سەرکردەیەکی مەزنین هەرگیز نەترساوین و هەردەم جیاواز لە هەموو ناوچە کە باشتر دەژین و پێشکەوتوو ترین لە هەموو بووارەکان، زۆر جار کە شاندەکانی ئێمە بەیاوەری شاندی عێراق دەچنە هەر چالاکیەک یەکەم شت دەڵێن وتارمان یەک بێت چونکە حەز ناکەین جیا بێت و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی جیاوازیەکان بەراورد بکەن و بزانن ئێمە چەند لەپێش ترین، ترسی ئەوەیان هەیە هەموو بڵێین سەرەڕای ئەو هەموو چەوساندنەوە ئەو میللەتە هەمیشە بەردەوام لە گەشەسەندنە، هەردەم لە هەوڵدان موچەو بودجەی پێشمەرگە بپڕن، چونکە پێیان وایە گەر موچە نەبێت پێشمەرگە پارێزگاری لە کوردستان ناکەن بێ ئاگان لەوەی پێشمەرگەی جوامێرو قارەمانەکان گیانفیدای شەرەف و کەرامەت و خاکی کوردستانن بەبێ بەرانبەریش. گەر بۆ سەرکردەکانی حەشدی شەعبی ڕەخسابووا دەیانکردینە خواردنی داعش تەنیا بۆ ئەوەی لەناوبچین، بەڵام ئازایەتی و جوامێری و بوونی سەرۆک بارزانی هۆکاری سەرکەوتن بوو لەسەر تیرۆرستانی داعش و سەرجەم هەرەشەو مەترسیەکان، بوێری و چاونەترسی سەرۆک بارزانی بوو بێ ئەوەی یەک وڵات پاڵپشتی بێت پارێزگاری لە کوردستان کردو ریفراندۆمی کرد کە هەتا مردن ئێمەی کە لەو ریفراندۆمە بەبەڵێ دەنگماندا هەستێکمان بۆ دروستبوو خۆشی هەموو جیهان بەقای نابێت، برسی بوونمان لا ئاسایی بوو نەک هەر ئەوەندە بەڵکو مردنیش جێگای ترس نەبوو، ئامادەی هەموو ئەگەرەکان بووین، ئێمە گەلێکین لەپێناو ماف و خاک و خەڵکی کوردستان هەرگیز لە مردن سڵمان نەکردووە، چونکە سەرۆک مەسعود بارزانیمان هەبوو. حەسەن نەسرولا بزانە کە لە هەموو ژیانت کەسێکی بوێر و ئازا و جوامێری وەک سەرۆک بارزانیتان لێ هەڵناکەوێت. سەرۆک شانازی بە سەرۆکبوونی خۆی ناکات، بەڵکو هەمیشە عەشقی قوڵی ئەو بەرخودانە لەپێناو میللەتەکەی و شانازی خۆی بە پێشمەرگەبوونی دەبەستێتەوە. حەسەن نەسرولا ئێوە کێشەی خۆتان دوور لە ئێمە چارەسەر بکەن، ئەگەڕ ئاگات لە پێگەو سەنگ و بریارو ئازایەتی سەرۆک بارزانی هەبووا وەها قسەت نەدەکردو دەتزانی کورد زۆر سەنگینترن لەوەی تۆ و ئەمسالی تۆ قسەی ناشایستەی ئاراستە بکەن.

وون بوون

مۆلەتی پەلەوەری لەبەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ دەرچووە ژمارەی مولەت ٢٤٧ لە ٢٠٠١/٥/١٤ بەناوی حسن طە محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٦٨٦٠٤١ بەرواری ٢٠١٨/٧/٢٦ بەبری ٨٢٣٠٠٠ بەناوی جیگر نادر علی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

مەنەفێستی کۆمپانیای هشیار صالح احمد جۆری ئۆتۆمبێل مقطورە تریلە فلات ڕەنگی نفتی ژمارەی شاصی: WK٠SNC٠٢٤٢٠٧٠٣٤٩٧ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

پسوولەی شارەوانی کۆیە بەژمارە(٠٣٤٥٠٤٤) بە بڕی (٣٠٠ ٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار بەناوی (سالار محمد عزیز) ون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠١١٢٢٩٤٨)

* * *

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقود : خلف رشو قاسم

قدمت السيده / خناف خلف قاسم طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / عبدالكريم محمد صادق

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/١٢/١٥

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (ئەژین تۆفیق اسعد) لە بەروارى ٢٠١٩/١٢/١٢ کە داواى تۆمارکردنى ئامێرەکانى کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆى وئێستا دانراوە لە (ڕێگاى کەسنەزان) و وسفەکانى لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەى پەیوەندى بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنى یاسایى بگرێتەبەر بۆ سەلماندنى و گەواهیەك پێشانى ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستى ڕاگرتنى تۆمارکردن لەماوەى پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك داواى بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتى یەکلاکردنەوەى داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەى حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگاى پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوەى کەلوپەلەکانى تۆمار دەکرێت بەناوى داواکارى تۆمارکردنەکە بەگوێرەى یاسا دادنووسى ژمارە (٣٣)ى سالّى ١٩٩٨ و بڕوانامەى تۆمارکردنیشى پێ دەدرێت.

دادنووسى یەکەم / مریوان قرەنى ابراهیم

ئامێرەکان:

١- سێ سەرامەى ووردکردنى پلاستیك بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانیى مۆدێل ٢٠١٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٥ . ٢٠*٢+

٢- شوستنەوەى وورە پلاستیك بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٥ .

٣- ووشککردنەوەى پلاستیك بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١٠.

٤- خوشکردن و گەرم کردنى پلاستیك بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٣٧ .

٥- حەقنى تاواندنەوەى پلاستیك بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٤٠. + براد ساردکەرەوە

٦- مۆلیدەى کارەبایى ڤالڤۆ بێ ژمارە دروستکراوى سویدى مۆدێل ٢٠١٠ جۆرى سوتەمەنى گاز توانای K.V.A١١٧ .

* * *

دادگاى بارى کەسێتى لە کەلار

ژمارە: ٩٩٨/ش/٢٠١٩

ئاگادارى

بۆ داواکەسەرکراو/ عبدالکریم عبدالقادر ابراهیم

داواکار (سروه احمد سلیمان) داواى ژمارە (٩٩٨/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە تیایدا داواى (تفریق للهجر) ى کردووە وە بڕیار دەرچووە بە پاشملە دەرهەق بە تۆ بە جیابوونەوەتان (تفریق للهجر) لەگەڵ داواکار لەبەر ئەوەى ئێستا شوێنى نیشتەجێبوونت نادیارە بە پێى اشعارى ئەنجومەنى گەڕەکى (کەلار/ فەرمانبەران) بۆیە ئەم دادگایە بڕیارى دا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەى دوو ڕۆژنامەى ڕۆژانەى ناوخۆى بە مەبەستى ئاگادارىوونت بەو بڕیارە پاشملەیە بۆیە مافى تانەگرتن (اعتراض) و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەى یاسایدا بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەى کۆتایى وەردەگرێت.

دادەوەر/ سیروان محمود الزهاوى

* * *

دادگاى بارى کەسێتى سلێمانى / ١

ژمارە : ٣٢٧٢/ ش / ٢٠١٩

بەروار : ١٢ / ١ / ٢٠٢٠

داواکار : رنا ضیدان عگلە

: ناونیشان : سلێمانى

داوالەسەرکراو : محمد رمیض محارب :

ناونیشان : نادیارە

داواکار (رنا ضیدان عگلە) داوایەکى بە ژمارە (٣٢٧٢/ ش / ٢٠١٩) وە ئەم دادگایە بڕیارى لاى خۆى دەرکرد لەبەرواری (٢٠١٩/١٢/٢٢) بڕیاریدا بە (پەسەندکردنى تەڵاقى دەرەکى)، وە لەبەر نادیارى شوێنى نیشتەجێبوونت، دادگا بڕیارى دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆى دوو ڕۆژنامەى ناوخۆى ڕۆژانەوە ئەگەر لەماوەى یاسایىدا هەڵنەستیت بە تانەلێدانى پیاچونەوەى بڕیارەکە ئەو بڕیارە پلەى کۆتایى وەردەگرێت بە پێى یاسا.

دادەوەر/ د. سردار علی عزیز

* * *

دادگاى بارى کەسێتى سلێمانى / ١

ژمارە : ٣٨٩٥/ ش / ٢٠١٩

بەروار : ٢٢ / ١٢ / ٢٠١٩

ئاگادارى

داواکار : سۆکار علی غفور

: ناونیشان : سلێمانى

داوالەسەرکراو : سیرینپۆرن جایکۆ مینیك : ناونیشان : نادیارە

داواکار (سۆکار علی غفور) داوایەکى بە ژمارە (٣٨٩٥/ ش / ٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وە ئەم دادگایە بڕیارى لاى خۆى دەرکرد لەبەرواری(٢٠١٩/١١/٢١) بڕیاریدا بە (پەسەندکردنى تەڵاقى دەرەکى)، وە لەبەر نادیارى شوێنى نیشتەجێبوونت، دادگا بڕیارى دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆى دوو ڕۆژنامەى ناوخۆى ڕۆژانەوە ئەگەر لەماوەى یاسایىدا هەڵنەستیت بە تانەلێدانى پیاچونەوەى بڕیارەکە ئەو بڕیارە پلەى کۆتایى وەردەگرێت بە پێى یاسا.

دادەوەر/ د. سردار علی عزیز

* * *

دادگاى بارى کەسى هەولێر/٤

ژمارە:٤٨٩٢/ش٢٠١٩/٤

ڕێکەوت:٢٠٢٠/١/٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (محمد حسن حمد)

شوێنى دانیشتنت نادیارە

داواکار (ئاڤان حمدامین سعید) داواى ژمارە (٤٨٩٢/ش٢٠١٩/٤)ى لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داواى (التفریق للهجر) دەکات لەبەر ئەوەى شوێنى دانیشتنت نادیارە بەپێى اشعارەکانى مختارى (حەسارۆك) بۆیە دادگا بڕیارى دا بەپێ ڕاگەیاندنت بەهۆى دوو ڕۆژنامەى ناوخۆیى ڕۆژانە بەمەبەستى ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژى دادبینى ٢٠٢٠/١/٢٩ بەپێچەوانەوە دادبینى ئەنجام دەدرێ بەشێوەى ئاشکراو پاشملە.

دادەوەر/ صباح حسن رشید

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/١٢/٢٢

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (زریان محسن انور ٥٠٪ و اونور ارجان ٢٥٪ و جمال اویگور ٢٥٪) لە بەروارى ٢٠١٩/١٢/١٩ کە داواى تۆمارکردنى ئامێرەکانى کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆى وئێستا دانراوە لە (ڕێگاى گەزنە) و وسفەکانى لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەى پەیوەندى بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنى یاسایى بگرێتەبەر بۆ سەلماندنى و گەواهیەك پێشانى ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستى ڕاگرتنى تۆمارکردن لەماوەى پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك داواى بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتى یەکلاکردنەوەى داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەى حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگاى پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوەى کەلوپەلەکانى تۆمار دەکرێت بەناوى داواکارى تۆمارکردنەکە بەگوێرەى یاسا دادنووسى ژمارە (٣٣)ى سالّى ١٩٩٨ و بڕوانامەى تۆمارکردنیشى پێ دەدرێت.

دادنووسى یەکەم / مریوان قرەنى ابراهیم

ئامێرەکان:

١- سێ سەرامەى ووردکردنى پلاستیك بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانیى مۆدێل ٢٠١٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٥ . ٢٠*٢+

٢- شوستنەوەى وورە پلاستیك بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٥ .

٣- ووشککردنەوەى پلاستیك بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١٠.

٤- خوشکردن و گەرم کردنى پلاستیك بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٣٧ .

٥- حەقنى تاواندنەوەى پلاستیك بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٤٠. + براد ساردکەرەوە

٦- مۆلیدەى کارەبایى ڤالڤۆ بێ ژمارە دروستکراوى سویدى مۆدێل ٢٠١٠ جۆرى سوتەمەنى گاز توانای K.V.A١١٧ .

* * *

دادگاى بارى کەسێتى لە کەلار

ژمارە: ٩٩٨/ش/٢٠١٩

ئاگادارى

بۆ داواکەسەرکراو/ عبدالکریم عبدالقادر ابراهیم

داواکار (سروه احمد سلیمان) داواى ژمارە (٩٩٨/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە تیایدا داواى (تفریق للهجر) ى کردووە وە بڕیار دەرچووە بە پاشملە دەرهەق بە تۆ بە جیابوونەوەتان (تفریق للهجر) لەگەڵ داواکار لەبەر ئەوەى ئێستا شوێنى نیشتەجێبوونت نادیارە بە پێى اشعارى ئەنجومەنى گەڕەکى (کەلار/ فەرمانبەران) بۆیە ئەم دادگایە بڕیارى دا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەى

ئاگادارى

ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیاى (لقمان علی سلطان) بۆ بازرگانى گشتى/تاك) بڕیارى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکى لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەى یاسایى دا ئاگادارى پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاى هەولێر)

پاکتاوکار/ دلشاد محمد صوفی احمد

ناونیشان/ هەولێر- فەرمانبەران

ژمارەى مۆبایل/ ٠٧٥١٤٩٤٢٢٣٦

بەڕێوەبەرایەتى گشتى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتى پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٢٨٥

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٥

بڕیارى سرینەوەى کۆمپانیا سنووردار

دواى تەواو کردنى سەرجەم ڕێکارەکانى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى (موکسى) بۆ (بازرگانى گۆشت و پەلەوەر و هێنانى ئاژەلى زیندوو/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامى ماددەى ١٧٧ لەیاساى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّى ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکارى کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەى ناوى کۆمپانیاى ناوبراوى سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێى ئەحکامى ماددەى (١٦٠) لەیاساى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّى ١٩٩٧ى هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەرى گشتى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتى گشتى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتى کۆمپانیاى هەولێر

هۆبەى یاسا

ژمارە: ٢٤١

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٤

بڕیارى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى (Peafowl Travel) بۆ دیکۆرات/سنووردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکى بڕیارى دەستەى گشتى کۆمپانیاى (Peafowl Travel) بۆ دیکۆرات/سنووردار) لە ڕێکەوتى (٢٠٢٠/١/١٣) تایبەت بەدانانى کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانى بەڕێز (اکو رسول رحمان) بەپاکتاوکارى کۆمپانیاى نابراو, من بەڕێوەبەرى کۆمپانیاکانى هەولێر بڕیارى ناوبراوى سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێى ئەحکامى ماددەى (١٦٠) لەیاساى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّى ١٩٩٧ى هەموارکراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/١/١٤

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەرى کۆمپانیاکانى هەولێر

ئاگادارى

ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیاى (Peafowl Travel) بۆ دیکۆرات/ سنووردار) بڕیارى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکى لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەى یاسایى دا ئاگادارى پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاى هەولێر)

پاکتاوکار/ اکو رسول رحمان

ناونیشان/ هەولێر- زانایان

ژمارەى مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٦٥٧٧٧

Crescent Petroleum

Job Vacancy

Position Title	**Senior Civil Engineer**
Direct Supervisor	Drilling Superintendent
Department	Exploration and Production
Job Location	Suliamaniy Office with frequent travel to field
Job Reference: SCE/D/Jan/20	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS

Manages construction activities by coordinating with the drilling team and other concerned parties. Takes the lead in planning corrective maintenance activities of the civil engineering team to assist in managing related civil operations.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENTIAL FUNCTIONS

Project Planning & Execution

1. Coordinates all construction related activities required to support the Drilling Department, including drilling locations, access roads, camps, road maintenance, clean-ups and environmental issues.
2. Prepares scope of work for drilling related construction projects. Prepares construction cost estimates for AFE preparation.
3. Arranges surveying and staking of proposed well sites. Organizes location scouting and reports results/recommends location moves. Arranges initial and final location surveys and correlates results.
4. Coordinates water well permitting and drilling. Prepare PR and follow up orders for all water wells and construction related equipment (water pumps, pipe, pit liners etc.)
5. Prepares documentation for various approvals prior to construction commencing. Prepares work orders and obtains the necessary management approvals.
6. Prepares and issues construction tender documents. Analyses tenders and makes recommendations to management.
7. Receives correlates and consolidates daily field construction reports.
8. Conduct after actions reviews, and incorporation of lessons learned to enhance learning efficiency of the organization. Provides technical trouble shooting when problems occur.
9. Work with WDP teams to select optimal sites for the Khormor and Chemchamal development wells
10. Design well pads and access roads according to WDP well selection and approved Crescent standard and write scopes of work for these pads and roads
11. Estimate number of days required to complete these works
12. Instigate tender process for these works
13. Evaluate tenders and recommend contractors
14. Develop a project plan with the approved contractor(s) to deliver the works on schedule
15. Supervise, coordinate and control all engineering construction activities
16. Review and approve all detailed design, drawings and documents.
17. Ensure specifications and standards are complied with.

٤- کەتەری عدل و زاویەی المنیۆم ژمارە/ ١١٠٠٠١٩٠٠٣ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١.

٥- تەشریح کردنى المنیۆم T ژمارە/ ٢٥٠٠٠١٠١١٦ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١,١.

٦- کەتەرى ماسیکە برین ژمارە/ ١٠٠٠٠١٩١٥٤ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١,٥.

٧- کەتەرى برینى پرۆفیل P.V.C بێ ژمارە دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١.

٨- کون کردن و بەستانى پرۆفیل ژمارە/ ١٧١٠٠١٨٠٤٨ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١.

٩- تەشریح کردنى حرف T ژمارە/ ٢٥٠٠٠١٩١١٧ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١,١.

١٠- لەحیم کردنى P.V.C ژمارە/ ٧٢٠٠٠١٩١٠٢ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٤,٢.

١١- کۆمپرێسەرى هەواء ژمارە/ VD٠٠١٤٨٢ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١٥.

١٢- خاوێن کردنەوەى لحیم P.V.C ژمارە/ ٦٢٠٠١٩٢٤٠ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٧. کۆنترۆل + رۆبۆت.

١٣- لحیم کردنى P.V.C چوار سەرك ژمارە/ ٧٤٠٠٠١٩١٤٥ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١٢. کۆنترۆل

١٤- فرێزەى نەرمادەو کیلۆن ژمارە/ ٢٢٠٠٠٠١٩٠٧ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٢.

١٥- فرێزەى نەرمادەو کیلۆن ژمارە/ ٢١٠٠٠١٩٠٥٨ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٢.

١٦- کەتەرى برینى P.V.C دوو سەرك ژمارە/ ١٤٠٠٠١٩١١٦ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٥.

١٧- مۆلیدەى کارەبا ژمارە/ D٦٧٦٢٦٥E دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى گازوائیل توانای K.V.A١١٠ AKSA.

* * *

بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەولێر
بەشی/مولکەکان
ژمارە/١٣١
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/١٥
راگەیاندن
بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پارێزگای هەولێر دووبارە هەڵدەستێت بە راگەیاندنی بە کڕیدانی دوکانەکانی مۆڵکی ژمارە ٤٠١ خانەقا هەر دوکانێک بەجیا کە بریتییە لە ٢٧ دوکان کە ژمارە ١/٤٠١ دەست پێدەکات و بە ٢٧/٤٠١ کۆتایی دێت بەپێی سیستەمی زیادکردن و کەمکردنی تایبەت بە ئەوقافی ژمارە ٤٥ بۆ ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراو بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا کە دەکرێتە بازاری خانەقا بەرامبەر گۆرستانی چراغ وە خەسڵەتەکانی لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە جا هەرکەسێک ئارەزووی بە کڕێگرتنی هەیە دوای ١٠ ڕۆژ لە ڕاگەیاندنی ئەم زیادکردنە ئاشکرایە لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ کاتژمێر ١٠ ئامادەبێت لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پارێزگای هەولێر و هێنانی بارمتەی یاسایی بەبری ٤٨٠,٠٠٠ چوار سەد و هەشتا هەزار دینار و پارەی بڵاوکردنەوەو لیژنە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت و هەرکەسێک زیادکردنەکەی بۆ دەربچێت پێویستە بەلێنی نامەیەک بدات کە پەسەندکراوبێت لە دادنووسی هەولێر تیایدا ئاماژە بکات بە ئامادەبوونی بە چۆل کردنی مۆڵکەکە هەرکاتێک وەزارەتمان داوای کردەوە.
خەسڵەتەکانی مۆڵکەکە:
- ڕووبەری هەر دوکانێک ١٣,٥م٢
- بازاری خانەقا
صدیق کمال إبراهیم
بەڕێوەبەری ئەوقاف و کاروباری ئایینی پارێزگای هەولێر
***
دادگای باری کەسی صلاح الدین
ژمارە/ ٩١/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/١٤
جاردان
بۆ داواڵێکراو (زیاد ازاد احمد)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (امینە جلال جوهر) داوای ژمارە ٩١/ش/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای تفریق دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی ژیان بۆیە دادگای بریاریدا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی گەرەکی ژیان بۆیە دادگا بڕیاری لەسەر دا کە ئەم جارەی یەکەم بێت کە ئاگادارت دەکرێتەوە بۆ ڕۆژی دادبینی لە ٢٠٢٠/٢/١١ کاتژمێر ٩:٣٠ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە بەڕێوەدەچێت.
دادەر/ عثمان جمال القاضی
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای تێهەلچوونەوە/ بەشێوەی ڕەسەن
ژمارە/ ٢٤٤/س/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٢٣
جاردان
بۆ تێهەلچوو لەسەری یەکەم/ هێمن
بدرالدین إسماعیل شوێنی دانیشتنی نادیارە
تێهەلچوو/ عبدالله صابر حمدامین داوای تێهەلچوونەوەی ژمارە ٢٤٤/س/٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی موختاری سنووری قەزای دەشتی هەولێر لە ٢٠١٩/١٢/١٥ بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ئامادەبوونت خودی خۆت یا بریکاری یاسایت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٢٣ کاتژمێر ٩ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپێی یاسا.
سەرۆک/ شوان حبیب صالح
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای تێهەلچوونەوە/ بەشێوەی ڕەسەن
ژمارە/ ٢٤٤/س/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٢٣
جاردان
بۆ تێهەلچوو لەسەری یەکەم/ هێمن
بدرالدین إسماعیل شوێنی دانیشتنی نادیارە
تێهەلچوو/ عبدالله صابر حمدامین داوای تێهەلچوونەوەی ژمارە ٢٤٤/س/٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی موختاری سنووری قەزای دەشتی هەولێر لە ٢٠١٩/١٢/١٥ بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ئامادەبوونت خودی خۆت یا بریکاری یاسایت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٢٣ کاتژمێر ٩ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپێی یاسا.
سەرۆک/ شوان حبیب صالح
***
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە/ زاخۆ
ژمارە/ ٨٤
ڕێکەوت/١٥/١/٢٠٢٠
ڕاگەیاندن
بۆ/ جوتیار غیاث کریم میرات
گرێ عفیفە تعبیر إسماعیل
بڕیار هاتەدان بۆ ئاگەهدارکرنا تە بەرامبەری قێ ڕێڤەبەریێ ل دور فروتنا مولکێ بارمتە کری ژ لایێ میرات گرێ تە یا مری عفیفە تعبیر إسماعیل و ژ بەر نە دیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن زاخو یا ژمارە ١٠٨ ل ٢٠٢٠/١/١٣ دیف پەسندا هەلبژارێ تاخێ ئاشێ چمی کو ئاگەهدارییا تە بێتە کرن بڕیکا دوو ڕۆژنامێن فەرمی ێین ڕۆژانە دا بەرامبەری قێ ڕێڤەبەریێ ئامادە ب بی و بەرو قاژی قێ چەندێ مولکێ بارمتە کری یێ ژمارە ٢١٨٦/١ کەرتێ ١١ اشکەفتەمارا ئێتە فروتن ب ڕیکا سەر ئێک زێدە کرنا ئاشکەرا بۆ زانین دگەل ڕێزگرتنێ.
ڕێڤەبەر/ یونس محمد احمد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هە و لێر
ژمارەی دۆسیە/ ٢٠١٩/٣٣٣٦
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/١٥
ئاگاداری
بۆ قەزرار شیراز بکر محمود شوێنی نیشتەجێ نادیار. لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان وە نیشتەنی هەمیشەیی یان کاتی یان هەڵبژێردراوتان نییە بۆ پێ ڕاگەیاندنتان هەر بۆیە بەپێی ماددەی ٢٧ی یاسای جێبەجێ کردن بڕیاردرا لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆیەوە ئاگادارکرێنەوە بە بریاری جیابەندی جێبەجێ کردن الحجز التنفیذی لەسەر ١/٣٤٧ ١٥ گردەڕشە لەبەر ئەوەی پێویستە لەسەرتان ئامادەبن لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە ماوەی ١٠ دە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بۆ دانەوەی بری پارەی ١,٨٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیار دینار بۆ خاوەن قەرز عامر علی حسین بەپێچەوانەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ( ) ئامژە پێکراو.
جێبەجێکاری داد/ احمد محمد فرزی
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ٨٧/خ/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١٠
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (٤٩٩٧/١ کرتی ٤١ کری بانی) یا قەرزدار (فلاح محمد قادر) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) ڕۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (٤٩٩٧/١ کرتی ٤١ کری بانی - معسکر دومیز)
ڕەگەز وجۆر :- پارچەکا ئەردیە ڤالایە ژ ئاڤاهی
ڕووبەر :- (٢٩٨,٠٧ م٢)
بهایێ هاتیە دانان :- (٣٠٠٠٠٠٠٠) سیە ملیون دیناری عیراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٩٧٣ / ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٦
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (سردار مردان رمضان)
ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددەیا (٢٧)یا یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب ڕێیا دوو ڕۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەێن بۆ ماوێ (١٥/پازدە) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ نامادەبی لێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفیذیە) وبەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی یێن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بین ژڤان عزیز محمد / ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/ دەشتی هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٥/انابە/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٧
جارِدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دەشتی هەولێر مولکی ژمارە ١/٨ ك ١٣٧ پالانی کە کەوتوەتە قوشتەپە دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار شرکة لاژە للانتاج زراعی کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی مصرف اربیل بەبڕی/ ١,٠٣٥,٦٦٠,٠٠٠ دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / شێرزاد خضر دزەیی
١ - شوێن و ژمارەی/ ١/٨ ك ١٣٧ پالانی
٢ - ڕەگەزو جۆری/ زەوی کشتوکاڵی
٣ - سنوورو ئاگاداری/ لەتۆماری هەمیشەیی هاتووە
٤ - پێکهاتەکەی/ خشتەی هەبووەکان و دامەزراوەی قەرزار ناوی هەبووەکان و دامەزراوەکانی کۆمپانیای لاژە
١- سێ خانووی یەك نهۆمی لەسەر دروستکراوە ٢- یەك خانووی دوونهۆمی لەسەر دروستکراوە ٣- خانوێکی کۆنی ٣ ژووری بۆ نیشتەجێی کرێنادان ٤- دوو کۆگای (١٠٠)م٢ کە لەگەل کەل و پەلی کارەبایی کۆنیان تێدایە ٥- ١٢ کۆگای گەورە و درێژ بۆ مریشکی هێلکەکەر بۆ وەبەرهێنان ٦- دوو مۆلیدەی گەورەی ٢٥٠ KV ٧- یەك کەرەڤانە ٨- دوو تانکی ئالیك بەدابەشکردنی بۆ جووجەڵەکان ٩- کارگەی ئالیك ١٠- شەش تانکی ئاو (١٤) بەرمیلی ١١- دوو بیری ئیرتوازی ١٢- خانوێکی چوارژووری بۆ پاسەوان ١٣- پێنج هۆلی بەتاڵ سێ هۆلیان دەکەونە خواری پرۆژەکە ١٤- یەك تانکی گاز (٢٨) بەرمیلی.
٥ - ڕووبەرەکەی/ ١٥٩ دۆنم دەکاتە ٦١٣٢٠٠٥٦٨٣٢ پشکی کۆمپانیای لاژە
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ خاوەن مولك تێیدا نیشتە جێیە .
٨ - نرخی قرساو/ ٦,٥٥٩,٨٦٠,٨٨١ شەش ملیار و پێنج سەد و پەنجا و پێنج ملیۆن و هەشت سەدو شەست هەزار و هەشت سەد و هەشتاو یەك دینار.
***
دادگای کار لە هەولێر
ژمارە: ٧/ ك. س/ ٢٠١٨
بەروار: ٢٠٢٠/١/١٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: دیدار دڵدار مامند
پێ ڕاگەیاندن بە بڕیاری سزا
دادگا بریاری دا بە پاشملە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١١ بۆ تۆمەتبار (دیدار دڵدار مامند) بە حبس بۆ ماوەی یەك مانگ بەپێی ماددەی ٩٩ بە دلالە هەردوو ماددەی ٣٠ و ٣٥ لە یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەلایەتی کرێکاران لەبەر ئەوەی ناونیشانی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت بەبریاری دادگا لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی و بۆت هەیە دەربڕینی نارازی و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایی و پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی بەرامبەرت وەردەگرێت.
دادەر/ عبدالباسط مسعود احمد
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/٢١١/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت:٥/١/٢٠٢٠
ئاگادارکردنەوە- سزا
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو:
صهیب سعدون حسن
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٢١١/ك/٢٠١٩ لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٠ لەسەرت بەندکردن بۆ ماوەی ١ یەك سال بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخوی پێت ڕابگەینرێت بەپێی ماددە ٤٥٣ لەیاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بەڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ سێ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/٢٣٩/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت:٥/١/٢٠٢٠
ئاگادارکردنەوە- سزا
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: ریدار حیدر علی
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ٢٣٩/ك/٢٠١٩ لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٢٣ لەسەرت بەندکردن بۆ ماوەی ٢ دوو سال بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخوی پێت ڕابگەینرێت بەپێی ماددە ٢ لەیاسای خراپ بەکارهێنان ئامێری پەیوەندی مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بەڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایدا ٣ سێ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان

Crescent Petroleum

18. Manage and gain approval for - through an MOC process- any site design changes as per site conditions.
19. Ensure project HSE targets are met or exceeded.
20. Report progress daily with a comparison of actual versus planned progress

Health and Safety
21. Implements all HSE guidelines and regulations and ensures compliance with acceptable norms and standards.

Leadership
22. Provides strategic leadership and planning capability to the engineering team by setting individual goals, managing performance, developing and motivating staff, provision of formal and informal feedback and appraisal to maximize subordinate and departmental performance.

Reporting and Communication
23. Reports to the Drilling Superintendent on all issues relating own responsibilities.
24. Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.

Continuous Improvement of Position
25. Conducts studies to identify areas for improving facilities s on a continuous basis to facilitate the operations. Recommends improvement actions and practices to senior management.

Decision–making Authority

Working and Other Reporting Relationships	
Drilling Superintendent Subsurface Manager	Daily If required

Supervisory Responsibility
Civil Engineers

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required
Bachelor's or master's degree in Civil Engineering, or equivalent technical field

Minimum Professional Experience Required
Minimum 10-15 years' experience in civil operations and engineering.

Crescent Petroleum

Specific Requirements and Conditions
Middle East Experience mandatory (preferably experience in Kurdistan)

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities		
Core Competencies	**Behavioural Competencies**	**Functional Competencies**
• Excellent organizational and planning skills • Excellent supervisory and mentoring skills • Excellent communication skills in English (spoken & written) • Commitment to continuous learning • Knowledge sharing • Time management • Ability to work under stress • Trouble shooting and problem-solving skills required	• Able to take swift and sound decisions in case of emergencies in order to assure that the safety of personnel is not jeopardized • Well-developed interpersonal skills • Multi-tasking skills • Cultural awareness • Team player • Ability to work with personnel from various backgrounds	• Good understanding of drilling rig location construction • In-depth understanding of oil and gas production equipment and processes beneficial • Excellent project management skills • Excellent knowledge of MS Office suite

Please submit your CV to our office addresses as below, no later than 25 January 2020:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR

e-Mail it to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Senior Civil Engineer, Ref: SCE/D/Jan/20)

سەرگوزشتەی دوا ترسنۆکی کۆڵانەکە



ئاسەعد عەزیز محەمەد

مێژوو زۆر جار دەبێتە کۆسپ و تەگەرەیەکی گەورە لە پێشمان، ئەو کاتانەی دەمانەوێت هەنگاو بنێین یان بازبدەین مێژوو ئاستەنگیمان بۆ دروستەکات و ناتوانین تەنانەت لەو ئاستەنگیانە خۆمان قوتاربکەین. ئەمە ئەو وتانە بوو لە لاپەڕەی یاداشتنامەکەیدا نووسیبوو. لە شوێنێکی تر بەخەتێکی درشت لەسەر شێوەی وەسێت بۆ کوڕەکەی نووسی بوو:-" ئەگەر هاتوو تۆیان سەربەست کرد لە نێوان ئەوەی ئازا و بەجەرگ بیت، ژیانت بە ناخۆشی و ئاوارەی و ئازارەوە بژێیت، یان بەترسنۆکی بژیت لە ژیانێکی حەساوە و بێ ئەوەی برسێتی و دەربەدەری ببینیت. هەرگیز کوڕم نەکەویتە داوی قسەی بریق و باقەوە ژیانێکی ئارام بژێ، خۆت گیرۆدەی نەهاماتی و ئاوارەیی مەکە. باوکم دەیگێڕاوە سەرگوزشتەی بنەماڵەکەی خۆی بەم شێوەیە باسکرد:-"ئێمە لە بنەچەدا خەڵکی بناری شارەزوورین، خاوەن زەوی و باخ و مەڕ و ماڵات بووین، سێ برا بووین، لەگەڵ بنەماڵەیەکی تردا لە گوندەکەمان لەسەر مووڵکداری زەوی و زار بووە ئاژاوە و کێشە و ناکۆکیمان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کێشەکانمان قووڵتر دەبووەوە، کار گەیشتە ئەوە دەستمان بچێتە خوێنی یەکتر. لە سەرەتادا بنەماڵەی ئێمە دوو کەسیان لە بنەماڵەی دوژمنەکانمان کوشت.



ئەوانیش کاکەم و تاکە کوڕەکەیان کوشت، لەو دۆخە ناخۆش و خوێن ڕشتنە، ئامۆزاکانم لە شەوێکی ئەنگوستە چاودا پەلاماری مااڵی دوژمنەکانمانیاندا و بێ بەزەییانە پیاوێک و ژنێک و دوو منداڵیان کوشت. لەو ڕۆژگارە پڕ لە گێرمە و کێشە و نەهاماتیە براکەی ترم بە کارەساتی ڕوودانی ئۆتۆمبیل کوژرا. لە گۆڕەپانی دوژمنداری جگە لە من هیچ کەس نەما تۆڵەی لێ بکرێتەوە. جارێکیان تەقەیان لێمکرد بەرنەکەوتم. چەند ڕۆژێک دوای ئەو ڕووداوە دایکم بانگمی کرد و پێی گوتم : "دەمەوێت هەر ئەمشەو ئەم گوندە بەجێ بهێڵیت و هەرگیز نەگەڕێیتەوە، دوژمنەکانتان هەرگیز وازت لێ ناهێنن تا دەتکوژن. بڕۆ بۆ شارێکی دوور کەس نەتناسێ بڕۆ ژیانی خۆت قوتاربکە. ئەگەر لێرە بیت یان دەبێت ئەوان بکوژێیت یان دەبێت تۆ بکوژرێیت. ئەم خوێن ڕشتنە هەرگیز دوایی نایە". زۆرم پێگوت ئەو کەمی بیست. قسەم لەگەڵی کرد، بەڵام دیارنەبوو، دایکم بڕیاری خۆیدابوو بە هیچ کلۆجێ پەشیمان نەدەبووەوە. بۆ ئەو بەتەنها بۆ ماڵئاوایی کردنی مەبەستە خاڵۆیەکەی ڕاسپاردبوو هاوڕێتیم بکات تا شارۆچکەکە. لە وێش دەستبەردارم نەبێت تا سواری ئۆتۆمبیل دەبم و بەرەو شاری سلێمانی دەکەومە ڕێ. بەڵام چی قسەی خاڵم چی قسەی دایکم داوایان لێکردم لە سلێمانی ڕانەوەستم، لەوێوە ڕوو لە شارێکی گەورەتر و دوورتر بکەم. بە کورتی و بە کوردی بڕۆمە شوێنێک هیچ کەس نەمناسێت. کاتێک خواحافیزم لە دایکم کرد ئەوەمەدزانی هیچ کات نایبینمەوە، فرمێسکەکانی بەخوڕ دەهاتنە خوارەوە. هیچ گومانم لەوەنەبوو گریانەکەی لە تورەبوون زۆر شتی گرنگ لە دەستدەدەین لە ئارامی ناتوانین بەدەستی بهێنینەوە. هەموو کات ئەو دێمەنە لەبەرچاو خۆت دابنێ ڕێوێکی زیندووی برسی و لەڕو لاواز لە شێرێکی قەڵەوی تۆپیو باشترە ."وتەکانی دایکی بۆی بووە یاسا و دەستورێک تا لەسەری بڕوات، ئەو کاتانەی هێشتا خاڵی هاوڕێی سەفەرەکەی بوو جۆرە حەپەساوێکی پێوە دیاربوو. پاش ڕۆیشتنی خاڵی گێژاوی بیرکردنەوە تەنگی پێ هەڵچنی بوو، بیرکردنەوەی لە وەی لەدوای ڕۆیشتنی نازناوی (ترسنۆک) دەخەنە پاڵ ناوییەوە باری دەروونی تێکدابوو. شەرزەیی کردبوو. لە هەمان کاتدا بێزاری کردبوو، ئەگەر لە ترسی دایکی نەبوایە ڕەنگە هەر ئەوکاتە بگەڕایەوە، بەڵام دەنگێک لە ناخیدا پێیدەگووت:-" تۆ دەتەوێت کێ فریو بدەیت؟ تۆ پڕ بەدڵ حەز دەکەیت بڕۆیت، لە کوشتن خۆت قوتاربکەیت؟ " ئەو کاتەی لە ناو ئۆتۆمبێلەکە بوو بەرەو کەرکوک زۆر بیرەوەری بە زەیندا تیپەڕبوون. یادەوەری ئەو سەردەمەی لەگەڵ (شەم) پەیوەندی خۆشەویستی هەبوو. دوای ئەوەی دوژمنداری کەوتە نێوانی هەردوو بنەماڵەکە ئیتر یەکەم کوشتن لەو ناکۆکیەدا کوشتنی ئەم ئەوینە پاک وبێگەردەبوو، لە تاریک و لێڵی شەودا ئەو کاتانەی دونیا چاوەڕوانی هەڵهاتنی ڕۆژێکی نوێیە ئەو وەختە گەیشتە شار. هەستێکی وەهای لەلا پەیدابوو بەهەڵهاتنی لە باوەشی تاریکیدا نەک بەتەنها لە ترسی مەرگ ڕایکردووە بەڵکو لە ترسی ئەو ژیانە تاریکەش ڕایکردووە کە سەرتا پای ژیانی گرتۆتەوە. لە سەرەتادا لە میوانخانەیەکی هەژارانە ژوورێکی بەکرێ گرت و بەڕۆژانە حەمالی دەکرد بە هۆی ڕەوشت و ڕەفتارییەوە بووە جێگەی متمانەی خاوەن کۆگایەکی گەورە ئیتر لەوە و پاش ژیانی زۆر گۆڕا دوور لە گیرمەو کێشە و شەڕ و کوشتار ژیانی بەسەر دەبرد. سەرەتا جل و پۆشاکی خەڵکی کەرکوکی پۆشی. لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا بووە کەسێکی جیاواز لەو کەسەی هاتبوو، لە نەبرەی قسەکردن و زمانی گفتو گۆ و هەڵسوکەوت و خوو نەریتی هەرگیز کەسەکەی پێشوو نەبوو کەسێکی تر بوو، تەنها شتێک وەک جاران لە ژیانیدا ڕەنگیدەدایەوە ترس بوو، ترسە ئەو کۆڵە بوو لە گوندەوە لەگەڵ خۆی هێنابووی بۆ شار. بۆ هەر کوێ دەڕۆیشت ترس جلەوی کۆنترۆڵ کردبوو. لە هەموو شتێک دەترسا، لە شوێنە بەرزەکان، لە سەگوەڕی نیوەشەو، لە تەقەکردن، شەڕ و ئاژاوە لە گیرمە و کێشە، ژیانی خۆشدەویست، لە مەرگ دەترسا.هەندێ کەس ناونانێکی (پیاوە ترسنۆکەکە)یان لێنابوو. هەندێ کەسی تر دەیانگووت ئەو کەسێکی ئاشتیخواز و مرۆڤە لەبەر ئەوە بەو شێوەیە حەزی بە ژیان هەیە. بەڵام وەک هەموو شتەکانی تر لە دواجاردا زاڵبوونی بیرۆکەی (پیاوە ترسنۆکەکە) خەتێکی چەپ و ڕاستی بەسەر هەموو بیرۆکەکانی تر هێنا، شار بەرە بەرە گەورەتر دەبوو مااڵ ناسراوەکانی گەڕەکەکە بۆ گەڕەکە نوێیەکان دەگوازرانەوە. تاک مااڵی کۆن لە کۆڵانەکەدا مااڵی پیاوە ترسنۆکەکە بوو. هەموو ئەوانەی خەڵکی ئەو کۆڵانە و ئەو گەڕەکە بوون ئەوەیان دەزانی کە نازناوی (ترسنۆک) لە چییەوە هاتووە، کاتێ کێشەییەک یان ڕوودداوێ ڕووی بدایە، لە پێش هەموو خەڵک کاریگەری لەسەر ئەوان بوو. ئەو کاتەی جەنگ لە نێوان وڵاتەکەمان وڵاتانی ترهەڵدەگیرسا نەیدەتوانی وڵات بەجێ بهێڵێ بۆ ماوەی چەندین مانگ لەگەڵ خێزانەکەی ڕوویکردە گوندە دوورەکان و لەوێ ژیانی بەسەردەبرد. لە گەرمەی سیاسەت لەناو خەڵک هەرگیز نەخۆی و نەهیچ کەسی لە بنەماڵەکەی سیاسەتییان نەکرد، هەموو جار ئەوەی دووباتەکردەوە ئەمە مانای دژایەتیکردنی ئەو گروپانەی لەگەڵ تۆ نین ئەوەش جگە لە دۆزمنداری و خوێن ڕشتنی نێوان گرووپەکان هیچ مانایەکی تر ناگەیەنێت بەخوا ئەم دۆزمندارییەش بە ئێمە ناکرێت. کاتێ ئاژاوە بەرۆکی خەڵکی دەگرت بە مانگ خۆی و خێزانەکەی سەفەری دەکرد بۆ ئەو شوێنانەی ئارامتر بوون، بەناچاری زۆرجار بۆ گوندەکانی دەوروبەری شار دەڕۆیشتن. لە گوندنیش کێشەی سەرەکییان سەگی دڕ و گەرمای هاوین و مشک و مارو دووپشک و مێشوولە بوو. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕووداوەکان بەو ئاقارەدا دەڕۆیشت شەڕ و کوشتار لەم ناوچەیە زیاتر تەشەنە دەستێنێت و خوێنی بونەوەری شکۆداری مرۆژ دەڕژێت. کوڕی نەوەی سێیەم بڕیاریدا بۆ یەکجارەکی وڵات بەجێ بهێڵێت ئەوەبوو لە ڕۆژێکدا کۆبوونەوەیەکی گەورەی بە برا و ئامۆزاکانی کرد. لەوێ ڕاشکاوانە پێیانیگوت:-" کەسەکانم ... دەمەوێت باش گوێم لێبگرن ..... باپیرەی ئێمە کاتێک ڕوویکردە ئەم شارە وەک خەڵکی تر بەهۆی برسێتی سەفەر ەڵکەوە نەبوو، یان بەهۆی بێ بارانی و سااڵ گرانێکەوە نەبوو، باپیرەمان لە ترسی کوشتن و تۆڵەسەندنەوە گەیشتە ئەم شارە، هەموو ئامااژەکان بەرەو ئەوە دەڕوات ئەم شارە سااڵ لەدوای سااڵ بەرەو خراپتر دەچێت لەبەر ئەوە من وا بەباشی دەزانم ئەم وڵاتە بەجێ بهێڵین و بڕۆین بۆ وڵاتێکی تر. هەموویان لە ماوەی چەند خولەکێک ڕێککەوتن بڕۆن. لە ماوەی یەک مانگدا هەموو مووڵک و زەوی و زاری بنەماڵەکەیان فرۆشت. خێزان لە دوای خێزان بەرەو هەندەران کۆچییان کرد. دوا خێزانییان بە تەنها چل ڕۆژ پاش بنەماڵەکەی ماوە کەوتبووە کۆڵانەکەمانەوە بۆ خواحافیزی ڕۆیشتن بۆ لایان، چەند وشەییەکی گوت تائێستاش دوای چەندین ساڵ لە گوێمدا دەزرنگێتەوە :-

" هەموو ئاینە ئاسمانیەکان باس لە شکۆداری مرۆژ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکەن، لەم وڵاتەی ئێمەدا هەموو کات بەو ئاقارە کارەکەین بەهای مرۆڤایەتی لەکەدار بکەین. خوێنیان بڕژتنین. بەمانای ئەوە لە دژی ئایینە ئاسمانیەکان کاردەکەین. ئێمە ئەگەر خاوەن ئەم عەقڵ و پرۆگرامە بین هەرگیز چاوەڕوانی ئایندەییەکی باشتر لێرە مەکەن".

شیعر و شاعیری بێ ئاگا



سەدیق سەعید ڕواندزی

بێگومان لای بەشێکی زۆری نەوەی دوای ڕاپەڕین و دەیەی دوو هەزارەکان، ڕۆشنبیری شیعری نییە کە ڕەگێکی گەورەی لە نێو زمانداییە. بەو مانایەی نازانن وشە لە چوارچێوەی فەرهەنگی زمانەوانی خۆی چ ئاماژەیەک دەگەیەنێت. ئەو نەودیە بەشێکی زۆریان چونکە شیعر نووسین بە قسە ڕێزکردن تێگەیشتوون، ئیدی چۆن وشەکان لە دەقی شیعریدا بەرجەستە دەکەن، بەڵایانەوە گرنگ نییە. چونکە ئەوان پێیان وایە شیعر تەنها خستنە پاڵ یەکتری چەند وشەیەکە، بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بابەتی و ئۆرگانیکییان بەیەکەوە هەبێت. بەشێکی زۆر لەو نەودیە، وەک مەاڵی دوانزە عیلم بیردەکەنەوە، وا دەزانن لە هەموو شتێک دەزانن و زانیاریان لە بارەی هەموو شتێکەوە هەیە، لەکاتێکدا، زۆربەیان خوێرسکانە شیعر دەنووسن و ڕۆشنبیرییەکی ئەوتۆیان نییە.

شاعیر کە تەنها لە چوارچێوەی زمانێکی دیاریکراو، چەند دەربڕین و وێنەیەک خولایەوە، ئیدی ناتوانێت ئەزموونی شیعری خۆی تازە بکاتەوە. شاعیرە گەنجەکانی ئێمە، شیعر وەک عەاڵگەی پۆشاک هەڵواسین، یان قوتووی عەتار دەبینن. بۆیە هەر شتێک بەخەیاڵیان دابێت دەینووسن. ئەوان چونکە جیاوازی لە نێوان قسە و شیعر ناکەن و هەردووکییان بە یەک زمان دەبینن، ئیدی دواجار بە شێکی زۆری ئەوەی دەینووسن، لە دەرەوەی شیعرە. بێگومان مەرج نییە، شاعیر ئاگاییەکی گەورەی میتۆوویی، جوگرافی، کۆمەاڵیەتی و چەندین بابەتی دیکەی هەبێت، وەاڵ مەرجە کە باسی جوگرافییا لە شیعر دەکەین، ئەوا بە ڕاست و دروستی گوزارشتی لێ بکەین، کە باسی میتۆومان کرد، ڕووداوەکان وەک ئەوەی کە ڕوویاندااوە درک پێ بکەین، نەک بکەوینە هەڵەی میتۆوییەوە.

بێگومان لە شیعردا، وشە میتافۆرە و دەشێ ئەوەی شاعیر لە شیعردا گوزارشتی لێدەکات، هەمان ئەو دەاڵەتە واقعیەی نەبێت کە لە نێو بوون و ژیانی ئێمە دایە. بەاڵم کاتێ باس لە توخمێک، میتۆوویێک، شوێنێک، ڕووداوێک دەکەین، کە لە بنەڕەتدا بەشێکە لە پێکهاتەکانی نێو ژیانی ئێمە، ئەوا دەبێت زانیاریی و تێگەیشتنمان ڕاست و دروست بێت. زۆرحار بەشێک لە شاعیرە گەنجەکانی جێی ڕەخنە گرتنە، کە زانیارییان لە بارەی شتێکەوە نەبێت، کەچی باسی بکەین و بە هەڵەش باسی بکەین. بێگومان نموونەی لەو شێوەیە زۆرە و ڕەنگە من وەک خوێنەرێکی ئاسایی شیعر، هەستی پێ بکەم. شاعیرێکی دیکەش لە کورتە شیعرێکیدا دەنووسێت:


جەنگ کۆتایی دێت..
بیابان پڕ دەبێت لە ئەسپی مەلوول..
لە حیلەی تاساوی ئەسپ..

ئەسپ، گیاندارێکە کە هێمای جوانی و بە هێزییە لە فەرهەنگی میللی و زمانەوانی ئێمەدا، بە هیچ شێوەیەک لە ژینگەی بیابان ناژیت و ناتوانێت لە ڕووی سروشتی و ژینگەییەوە، لە بیابان بمێنێتەوە. ئەسپ کە لای ئێمە، وەک سیمبولێک بۆ بەهێزی و خۆڕاگری و بەردەوامی دەبینرێت، گیانەوەرێکی چیایی و دەشتییە. بە پێچەوانەی وشتر، کە هێمایە بۆ ژیان و کولتووری کۆچەری و دەوارنشینی عەرەب. وێڕای ئەمەش، دەنگی ئەسپ کە حیلەیە و (کۆڕژن)یشی پێ دەوترێت، لە کاتێکدا، دەبێتە حیلە، کە ئەو دەنگە گۆ بکرێت و دەربڕدرێت. بە دەربڕینێکی تر، دەنگی تاساو، واتا کپکراو و بێ دەنگ کراو، هەرگیز نابێتە حیلە.چونکە حیلە بە مانای ئەو دەنگە دێت، کە ئەسپ هەیەتی، وەک چۆن هەموو گیانەوەرێک جۆرە دەنگێکی تایبەتی هەیەو بۆ هەر یەکێکیشیان، ناوێک هەیە. کەواتە دەنگی ئەسپ ئەو کاتە حیلەیە کە دەربڕێت، خۆ ئەگەر ئەو دەنگە نەبێت، شتێک نابێت بە ناوی حیلە، بۆیە دەبوو ئەو شاعیرە، ئەو جیاوازییانە بزانێت و لە یەکتری دەربکات. مەرج نییە ئەوەی شیعری نووسی، زانیاریی لە بارەی هەموو شتێکەوە هەبێت، وەلێ مەرجە کە باسی شتێک دەکات لە شیعر، بیزانێت مانای چییە و چ دەاڵەتێک دەگەیەنێت. ئەگەرچی وشە لە دەقی شیعریدا، میتافۆرە بۆ زۆر شتی تر، دەکرێ بە جۆرێکی دیکە شتەکان ببینین. بەاڵم نابێ هاودژییەک بدەینە مانای ڕاستەقینەی شتەکان. بۆ نموونە: قەندیل چیایەکی سەختە، کاتێ دەاڵێین ئاسانترین شوێنە، مانای وایە ئاگاداری سروشتی جوگرافی وڵاتەکەمان نین. ئەمەیە کێشەی بەشێکی زۆری شیعری ئەو نەودیە، کە باوەڕیان وایە لە هەموو شتێک دەزانن و دەیئاخنە شیعرەکانییان، لە کاتێکدا پێچەوانەکەی ڕاستە...

ئیمە، چونکە ڕۆشنبیری شیعرییان نییە، ئیدی دەکەونە، هەڵەی وا کە خۆشیان هەستی پێ ناکەن. بۆ نموونە: شاعیرێک لە شیعرێکیدا دەاڵێت:

وەرنە ئێرە..ئاسانترین ڕێگە قەندیلە.
هێندە بەرزە بە ئاسانی دەنگتان دەگا..

پێدەچێت ئەم شاعیرە، هیچ شارەزایی لە جوگرافییای کوردستان نەبێت، کاتێ سەرنج لەو چەند دێڕە شیعرییەشی دەدەین، باشتر ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت. چونکە دەبوو بزانێت قەندیل نەک ئاسانترین شوێن نییە، بگرە یەکێکە لە ناوچە هەر سەخت و دژوارو پەنا و پێچەکانی کوردستان، کە دەیان حەشارگە و لوتکە و ڕێگای پێچاو پێچ و ئەشکەوتی گەورە و بزری تیایە. بە درێژایی میتۆوو، قەندیل یەکێک بووە لەو ناوچانەی هەمیشە ڕووبەڕێکی سەختی جوگرافیا بووە بۆ شۆڕشەکانی کورد کە دوژمنانی بە ئاسانی دەستییان نەگاتێ. هاوکات قەندیل بەرزترین شاخ نییە، سروشتی جوگرافی قەندیل، وەک زنجیرە چیایەک هەڵکەوتووە چەندین سنووری جوگرافی دەگرێتەوە و درێژ دەبێتەوە تا سەر سنووری ئێران. لە هەر شوێنێکیش لوتکە و شاخەکانی ناوێکی خۆیان هەیە. لە کوردستاندا، شوێنی لە قەندیل بەرزتر هەن. بۆیە ئەمە لە زانیاریی کەسێک ناکات کە دیوانە شیعرییەکانی بە ناوی جوگرافییاوە ناوبنێت کەچی شارەزای جوگرافیای وڵاتەکەی خۆی نەبێت. چونکە ئەم شاعیرە، پێشتر دوو کۆمەڵە شیعری بە ناوی کێشوەرەکانی جیهانەوە ناوناون. ئەگەر شاعیرێک شارەزای لە جوگرافیای هەرێمەکەی خۆی نەبێت کە تیایدا دەژیت، دەبێ گومان بکەین کە شارەزای لە جوگرافیای هەموو جیهان هەبێت. زۆر ئاساییە زانیارییمان لە بارەی شتێکەوە نەبێت، چونکە هەموومان، هەموو شتێک هەر نازانین، وەلێ ئەوە ئاسایی نییە و



ژینی بێ شارم

فاخر عالی خان ئاودەلی

ئاوازێکی ڕەسەن دایچەقاندم
دەنگی غوربەتی هاتە ژیانم
هیوام هەبوو، دەستم نەبوو
لاف هەبوو، خۆزگەم نەبوو
خۆردە هەبوو، دەستگر نەبوو
ساج هەبوو لۆ من نەبوو
بە بێ شاری لەگەڵ "خوا"دا ژیام
هەنسک، ڕۆندک...، لەسەر پێ مام
بە هێمنی، هێور هێور لە ڕێدا فام
دێمەنی ژیان دەیهاڕاندم
ئاپۆرای ژان دەیهەژاندم
پەنگە بارینە، دەی پفاندم
دەمبێژاند، گوێگر نەبوو
دەمناڵاند، لاوێن نەبوو
چار چییە؟، هەر هیچ نەبوو
هەبوو نەبوو، هەر کزە بوو
کزەی ناخ، بلۆقی هوڕ هوڕ
کزی سیما، چاو پڕ لە فڕ
فڕینی سەر بەرزە چڵ
هەناسە ساردی دەردە دڵ
دەچڕێ و دەنۆڕێ هەنگەوان
نەیدۆزیەوە یەک تۆز هەتوان
هەتا نها، بێ چارە، دوور لە تەمام
هات و نەهات هەر لە سەفام
هاتە ڕێژین ئاخی ڕەقەن
زەمەن هات و بردی تەمەن
دڵبەر بوو، ڕۆژگاری ژین
ئاخچی بوو چەخماخەی قین
بۆش لە بۆشی کرداوە چینم
چینێک بۆ ئاو و چینێک بۆ زینم
غەریبە موراد هەروا دەبینم
کە نەبوو خەمڕۆژ، بێ شار بوو ژینم!!.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/1/16 ژمارە (5912)
خەبات

ئاوازەکانی ئازاد خۆشناو لە چیای کوردان

ئا: رووبار نانەکەلی

ئازاد خۆشناو- موزیک ژەنێکی دەست رەنگینی کوردستانە و لەدامێنی چیای سەرکەشی سەفین، لە شەقلاوەی دڵ ڕفێن لەدایک بووە، وەک خۆی دەڵێت، هەر لەتەمەنی منداڵییەوە دا هەست و نەستی بەکەشو هەوای ئارام و سیحراوی شەقلاوە ئاو دراوەو ئاوێزانی سروشتی ڕەنگین و پڕ لە ئاوازی بووە، لەوێوە هەر لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە چۆتە نێو دنیای موزیک و فێری گیتار و کەمانچە ژەنین کردووە، دواتر کە گەورە بووە، حەزو ئارەزووشی بۆ خزانە نێو دنیای موزیک بەرفرەوانتر بووە، لە چەندین کەناڵەوە ویستوویەتی پەرە بە بەهرەی هونەری خۆی بدا، بۆیە لەگەڵ تیپی مۆسیقای کۆمەڵەی هونەرمەندان لەهەولێرو تیپی مۆسیقای میللی هەولێر، وەک ئەندام لەو تیپانەدا بەشداری لەچالاکییە هونەرییەکاندا کردووە... بەڵام هەمیشە خولیای ئەوە بووە، لەهەوارو زێدی خۆیدا گەشە بە مزیک بدات و گەنجانی ئەوێ بێبەش نەبن.

لە موزیک و کولتوورو هونەری ڕەسەنی ئەو شارە بگەشێنێتەوە، بۆیە ساڵی 1991گەڕایەوە شەقلاوەو لەگەڵ کۆمەڵێ لەبەهرەمەندو هونەرمەندو موزیک ژەنەکان، تیپی مۆسیقای سەفینی دامەزراند..کە ئەم هەنگاوە بۆ ئەو بوو بە هەنگاوێکی هونەری کە هەمیشە شانازی پێوە بکات، لە گەڵ ئەو تیپەدا بە بەردەوامی لە هەوڵی ئەوە دابووە، چالاکی لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا بکات و گەنجانی ئەوێ لەموزیک رابێنێ.

ئازاد خۆشناوی موزیک ژەن دەڵێت: هەلو مەرجی سەختی کوردستان وای لێکردم ساڵی 1996بە ئازارەوە کوردستانی خۆشەویست جێ بێڵم و ڕوو لەوڵاتی ئەڵمانیا بکەم، بەڵام لەوێش موزیک هەر لە خوێنما بوو، هەمیشە بە ژەنینی کەمانەکەم، غوربەتی خۆم ڕەواندۆتەوە و زامەکانم ساڕێژ کردووە، بۆ من جێ هێشتنی نیشتیمان ئازارێکی گەورە بوو، بەڵام هەمیشە بڕوام بە خۆم هەبوو، کە من مادام موزیک ژەنم، لەهەموو شوێنێ کوردستان لەگەڵمایە و لە دڵمایە.

لە ئازاد خۆشناوم پرسی : لە ئەڵمانیا چۆن دەستت پێکرد؟

گوتی: هەموو گەلانی دنیا لەزمانی موزیک دەگەن، موزیکی کوردیش لە نێو موزیکی دیکەی گەلانی دنیا تام و چێژی تایبەتی خۆی هەیە، هەمیشە بێگانەکان حەز بەگوێ گرتنی موزیکی کوردی دەکەن، چونکە لەوێوە دەتوانن نەتەوەی کورد بناسنەوە .

لەوێ دوای ساڵێک وەک مامۆستایەکی موزیک لە شاری (کۆلن) لە ئەڵمانیا ، دەستم بەکاری هونەریی کرد، دەستپێکی کارەکانیشم بلاوکردنەوەی ئەلبومێکی موزیک بوو، کە چەندین ئاوازی خۆمی لە خۆ دەگرت، بەناوی(ئاوازەکانی چیای کوردان) ئەو ئەلبومە بۆ من هەنگاوێک بوو بەرەو بەدی هاتنی ئاواتەکانم، بۆ بەرجەستە کردنی ئەو بەرهەمانەی کە ماوەی چەند ساڵێک بوو من کارم بۆ دەکردن. ئەلبومەکەم Mel-odies of the Kurdish Mountains کە لە 11تراک پێک دێت، بەناوی (سلاو، دەنگاوە، سیپانێ، مەم و زین، لێ لێ، ڕەزمی تەل،چیایی نەمرود بڵندە،کەپکی شیلانە، بارۆژ ، مالئاوایی، چەند کلیپێکی بۆ کراوە.

لە هەمان کاتدا 5 کۆرسی موزیکم لەسەر ئاستی زانکۆکان ئەنجام دا، لەوانەش دارشتنی هارمۆنی بۆ میلۆدی، ریتم، نۆتەو سیستەمی وانە وتنەوە،پاشان لەگەڵ چوار گروپی مۆسیقای ئۆرکسترا وەک ئەندام کاری کردووە، لەوانە لەگەڵ گروپی Köln Orchestera Gesellschaft لە شاری کۆلن.



ئازاد خۆشناو دەڵێت: هەوڵم دا جگە لەموزیک هەولێ نوسینی هونەریشم داوەو کتێبێکم بە ناوی (ڕاهێنانی ڕۆژانە) چاپ کرد، بۆ ڕاهێنانی موزیک ژەن لەسەر فێر بوونی نۆتەی موزیک، کە 50ڕاهێنانی دەگرتە خۆی.

هەروەها هونەرمەند ئازاد خۆشناو گوتی:

جگە لەو ئەلبومە، ئەلبوومێکی ترو، هەشت سرودی نیشتمانیشم ئامادەیە بۆ تۆمار کردن،هەر کات لە ڕووی ئابوورییەوە دەستمان ڕۆیشت، یان کۆمپانیایەک ، یا خود دەزگایێکی حکومی سپۆنسەری بۆ کردین ، دەتوانم تۆماریان بکەم.

هەروا گوتی: من هەمیشە لەکارکردندا دوو لایەنی گرنگ لە بەرچاو دەگرم، یەکێکیان لایەنی تیۆرییە، دووەمیان هەولێ ئەوە دەدەم بەرهەمەکانم تام و چێژو بۆنو بەرامێکی ڕەسەنی کوردی بەخۆیانەوە هەلگرن، وەک ناسنامەیەک بێت بۆ نەتەوەکەم، چونکە دیارە کولتوورو ناسنامەی نەتەوەکان لە ڕێگەی ئاوازو موزیکەوە خۆی بە گەلانی تر ئاشنا دەبێت.

کەلێم پرسی تۆ وەک موزیک ژەنێکی خاوەن ئەزموون هەلو مەرجی موزیکی کوردی چۆن دەبینێ؟

لە وەڵامدا گوتی: مخابن زۆری و بۆریەکی زۆر خۆی خزاندۆتە نێو موزیک و هونەری کور دی، بەرهەمێکی زۆر لە کەناڵەکاندا بڵاو دەبێتەوە ئاستێکی نزمییان هەیە ، ڕەسەنایەتیان پێوە دیار نیە ، پێویستە چارەیەک لەو هەلو مەرجە ئاڵۆزەی موزیک ململانێی خۆی بەشێوەیەکی سروشتی دەچێتە پێشەوە و خزمەتی چیرۆکە گشتییەکە دەکات، هەر کەسە و لە دنیای خۆیدا بەجیا ئەژی و بەدوی ئاوات و خەونەکانی خۆیەوەیەتی بەڵام هیچ کەس دابڕاو نییە لەوانی دی و بە شێوەیەکی زۆر سادە هەموویان بەدەم گرفتەکانی ئابووری و سایکۆلۆژیی نەخۆشییەکانی ئەمڕۆوە دەنالێنن.. بێگومان چیرۆک و سیناریۆی ئەو فیلمە دەکرێ دەیان لایەڕەی لەسەر بنوسرێت و دیمەن و دیالۆگ هەیە لە فیلمەکەدا مرۆڤ بواری هەبێت شایەنی نوسینی کتێبن.. دیالۆگ هەیە هێندە سادە و قوڵە دەتوانرێ سەدان لایەڕەی لە بارەوە بنوسرێت. بۆ نمونە کاتێک دیمەنی درۆی دوو بنەماڵە کارەکەرەکەی ماڵە دەوڵەندە لەسەر ساختەی یەکدی بە مۆبایل تۆماری دەکەن و دەرهێنەر بەستوبەتییەوە بە بۆمبی ئەتۆمی کۆریاوە لەگەڵ ئەوەی دیمەنێکی تراژیدی قورسە کەچی دیالۆگ هێند کۆمیدیی و گونجاوە تێدەگەی بۆچی ئەمڕۆ ژیانی هەموومان لەبەردەم هەڕەشە بێ ماناکاندایە، کاتێک کارەکەرە کۆنەکە قیدیۆی ساختەی خێزانە کارەکەرە نوێیەکە کەشف ئەکەن و بەمۆبایل قیدیۆیەکی سادە تۆمار دەکات و دەڵێ ئەینێرم بۆ خاوەن ماڵەکە ڕێک ناردنی ئەو قیدیۆیە بۆ ئەوان و بۆ ساتی دڵەڕاوکێی فیلمەکە بۆمبێکی ئەتۆمییە و دەستی لەسەر دووگمەی ناردن (سێند) داناوە و ئەوانیش وەک ئەسیری جەنگ دەستیان هەڵبڕیوە لە ترسان و دەپارێنەوە تکایە مەینێرە، لە فورسەتێکی چرکەییدا کە بۆ ئەولا ئەخولقێ تەواوی خێزانەکە خۆیان بۆ مۆبایلەکە فڕێ ئەدەن تاکو لە دەست ژنەکەی دەربهێنن کە هەمویان لە گۆڵچی یارییەکی گەورەی تۆپی پێ دەچن کە خۆی بۆ تۆپەکە هەڵدەدات تا گۆڵەکەی بپارێزێ، دەرهێنەر بەشێوەیەک کاری سلۆمۆشنی بۆ ئەو دیمەنەکردووە، مرۆڤ وڕ و کاس دەبێت و ترس و دڵە ڕاوکێ دایدەگرێ و نازانێ قیدیۆکە سێند ئەبێ یان نا ، کەس دەستی بەر دوگمەی بۆمبەکە دەکەوێت یان نا هەندێک دیمەنی سلۆمۆشنی فیلمەکە قابیلی ئەوەیە دەیان لایەڕەی لەسەر بنوسرێت. دیارە کاری وێنەگرتن و ڕوناکی هێندە جوان و سادەیە مرۆڤ هەست دەکات بەچاوی خۆی شتەکان دەبینێت، ئەمە جگە لەوەی فیلمەکە بودجەیەکی زەبەلاحیشی نەبووە، ئەمەش پەیوەستە بە شارەزایی دەرهێنەر و بەڕێوەبەری وێنەگرتن و ستافەکەی، بێگومان کاری مۆنتێریش زۆر نایابە بەڵام لێرەدا بەپێویستی نازانم بچمە سەر بابەتی مۆنتاژ. شتێکی دیکە لە جوانی فیلمەکە ئەوەیە موزیک و گورانی و شتی سەیر و سەمەرە بۆ پرکردنەوە نابینیت، چونکە فیلمەکە لە ژیان دەچێت لە یەک دوو جێگاش کە موزیک هەیە.

مشەخۆر یان پاراسایت

خالید حەمە

مشەخۆر یان پاراسایت یەکێک لەو فیلمە جوانانەی لە دوو ساڵی ڕابردوودا بینیومە پاراسایت، یان وەک کوردییەکەی مشەخۆری دەرهێنەری کۆری (بۆنگ جوون هو) ە. چیرۆکی فیلمەکە بە شێوەیەک کاری لەسەر کراوە بڕێکی زۆر لە وردەکاری و قوڵی گرنگی تێدایە. لە ڕووی ستراکچەری چیرۆک و پاشان سیناریۆی فیلمەکە هێند جوان کاری لەسەری کراوە کە بینەر بە هیچ شێوەیەک هەست بە بۆشایی ناکات. مود و پلات و پاشان کلایماکس، ترۆپکی چیرۆکەکە هێندە جوان دارێژراوە زۆر کەم بواری چاوترۆکان ئەدات و ڕێچکەی چونە پێشی ڕووداو گۆڕانکاری لە دید و پێکهاتەی کارەکتەر هێندە سەرنج ڕاکێشە پێویست بەبیرکردنەوە ناکات و هیچ ماندوومان ناکات، چوون چیرۆک و ڕووداوەکان زۆر واقیعی و باوەڕهێنەرە، بەهیچ شێوەیەک دیالۆگێکی زیادە نادۆزیتەوە.

هەر دیالۆگێک کاری خۆی هەیە و لەناو ستراکچەری ڕووداوەکاندا ڕوون و سادە ئەچێتە پێشەوە و دێڕ بەدێڕ و وشە بە وشە یارمەتی چونە پێشەوەی ڕووداوەکان دەدات، کارەکتەرەکان بەشێوەیەکی سروشتی و سادە و بەزمانی خۆیان و لەناو واقیعی خۆیان ئەدوێن، تەنانەت تۆنی دەنگی هەر کارەکتەرێک خۆدی ئەو جۆرە کەسایەتییەمان نیشاندەدات لەناو واقیعی حاڵدا، بۆ نمونە کابرای دەوڵەمەند تۆنێکی گراوی و لەخۆبایی و لە نێو قوڕگیدا هەیە. شوفێرەکەی بەشێوەیەکی شکاوە و بەتۆنێکی بڕێک لە ماستاوکردن یان با جوانتر بڵێم ڕازیکەری هەیە، سەرەنجام چیرۆک بەشێوەک دەگاتە ترۆپک هەم واقعی و هەم چاوەڕوان نەکراوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی سەرەتایەکی سادە و ساردی هەیە. بەڵام وردئامادەکاری بۆ دیمەنی پاشتر کراوە، بێگومان کۆتایی چیرۆکەکە هێندە سەرنجڕاکێشە کە نازانێ کێ مردووە کێ کوژراوە و کێ دەبێ بمێنێتەوە. کارەکتەرەکان بەشێوەیەکی سروشتی ژیانیان دەگۆڕێ و لەگەڵ ململانێی ڕووداوەکان هێندە قوڵ دەچنە پێشەوە کە هەر کەسە و ڕۆڵ و نەخشی خۆی هەیە لە چیرۆکدا. هەم بەجیا و هەم لێککگرێدراو ئەوەی جێی سەرنجی قوڵە خاڵی کۆتایی فیلمەکەیە، ئەویش ئەو بەردەیە کە لەپایینەوە بۆیان جێماوە و نوسەر یان دەرهێنەر بەشێوەیەکی جوان و سادە و قوڵ و ڕاستگۆیانە ئاشنامان ئەکات بە کەڵچەر و بونیاتی کۆمەڵگەی کۆری، بەرجەستە کردنی ئەو بەرهەمانەی کە ماوەی چەند ساڵێک بوو من کارم بۆ دەکردن. ئەلبوومەکەم Mel-odies of the Kurdish Mountains کە لە 11تراک پێک دێت، بەناوی (سلاو، دەنگاوە، سیپانێ، مەم و زین، لێ لێ، ڕەزمی تەل،چیایی نەمرود بڵندە،کەپکی شیلانە، بارۆژ ، مالئاوایی، چەند کلیپێکی بۆ کراوە.


جان جنێ

شاعیرە ئەوروپییەی سەرسامی کلتوری ڕۆژهەڵات بوو



بۆتان جەلال

لە گفتوگۆیەکدا کە نووسەری ناسراو (سەعدوڵا وەننوس) لەگەڵ شاعیر و شانۆنووسی گەورەی فەڕەنسای جان جنێی لە گۆڤاری (کەرمل) ئەنجامی دابوو، ئەو گۆڤارە شاعیری فەلەستینی مەحمود دەرێش دامەزراندووە و دێمانەکەش لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بڵاوبۆتەوە، کە بە یەکێک لە گفتوگۆ جیدی و بە سوودەکانی ئەو گۆڤارە دەژمێردرێت، کە لە مێژووی دامەزراندنی دا لەگەڵ شاعیرێکی ناسراوی فەڕەنسی کە شوێنپێی لەسەر نەخشەی شیعری جیهانیدا دیارە، ئەنجامی دابێ.



لەو دێمانەیە جان جنێی زۆر ڕاشکاوانە باس لەوە دەکات کە عەرەب و ڕۆشنبیرانی زۆر هەڵەن لەوەی کە بە ئەدەب و هونەر و شاعیر و فەیلەسوفەکانی ڕۆژئاوا کاریگەرن و ڕەنگدانەوەی ئەدەبی ئەوروپیان لە بەرهەمەکانیدا تەواو دیارە، بەڵکو ئەم شاعیرە بە ڕۆشنبیری و کلتووری ڕۆژهەڵات سەرسام بووە، لە زۆر بەرهەمەکانیدا بەرجەستەی کلتووری عەرەبی و ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی کردوون، ئەگەر تەماشای کتێبەکەی بکەین کە بە ناوی (چوار کاتژمێر لە شاتیلا) و هەروەها کتێبی (یەخسیری عاشق) زۆرێک دیمەن و باس و خواسی ئەفسانەی ڕۆژهەڵاتی و هزری سیاسی و خواستە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی تیادا دەخوێنینەوە.

بەڵام بە داخەوە 100ساڵەی لە دایک بوونی جان جنێی کە لە نۆزدەی کانوونی یەکەمی ساڵی 2010 ڕۆژێ بوو هیچ ناوەندێکی ڕۆشنبیری وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی بایەخیان پێ نەدا و لەسەر ئەو هەڵوێستانەی شاعیر نەوەستان کە بە دژێڵیی ژیانی خۆی بۆ مەسەلە سیاسی و کلتوورییەکانی میللەتانی ڕۆژهەڵات خەرج کردبوو.

بە پێچەوانەی وڵاتانی ئەوروپا، نەخاسمە لە وڵاتی فەڕەنسا دا بۆ ئەو یادە چەندین چالاکی هونەری و ئەدەبی و کۆڕ و سیمینار ساز کران، هەر لەو ڕۆژیدا شانۆی (ئۆدیۆن) چەند شانۆگەرییەکی جان جنێیان لەسەر تەختەی شانۆ لە پاریس نمایش کرد، هەندێ لەو شانۆگەریانە بۆ یەکەمجار بوو ڕێگای پێدرا خەڵکی بیانبینێ، چونکە ڕاستڕەوەکانی فەڕەنسی کە گروپ و پارتێکن پێیان باش نەبوو ئەو شانۆگەریانە نمایش بکەین، چونکە دەقی شانۆگەرییەکان لە بەرژەوەندی ئیستعمار و بورژوازییەکان نەبوون، خەڵکی هەژار و ژێر دەستیان هاندەدا دژی داگیرکەرانی فەڕەنسایی و ئەوروپایی شۆڕش و ڕاپەڕین بکەن، هەروەها جان جنێی پشتگیری لە مافی نەدار و پەککەوتە و هەژاران دەکرد و داوای یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ گشت ئادەمیزادێک دەکرد.

هەر بە هەمان بۆنەوە گۆڤاری (مەگەزین لیتریر) دۆسیەکی تایبەتی لە ژمارەی دێسەمبەری2010 بۆ ژیان و بەرهەمە شیعری و شانۆییەکانی ئەم شاعیرە گەورەیە تەرخان کردبوو تیایدا چەندین وتار و لێکۆڵینەوە لەسەر هزری سیاسیانەی جان جنێی و شیعرەکانی و شانۆگەری و بابەتە ڕەخنەیەکانی بڵاو کرانەوە.

لە هەمان کات نووسەری عەرەب بە ڕەگەز و ناسنامە فەڕەنسی (تاهیر بن جلون) لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (جان جینیە ، کداب سام) مێژووی 12ساڵی هاوڕێیەتی خۆی لەگەڵ ئەم شاعیرە بە شێوازی ڕۆمان دەگێڕێتەوە و لەسەر گرنگترین وێستگەکانی ژیانی و بیر و باوەڕە سیاسیەکانی دەوەستێ، تاهیر بن جلون یەکێک بوو لە نزیکەکانی جان جنێی و 29 ساڵ پێکەوە وەک دوو برادەر هاموشۆی یەکتریان کردووە.

شایانی باسە جان جنێی لە دوا ڕۆژەکانی تەمەنیدا باری تەندروستی زۆر خراپ ببوو، بەڵام تا کتێبی (یەخسیری عاشق)ی تەواو نەکرد لە نوسین نەکەوت.



ئەمڕۆ لە خولی نایابی کوردستان..
هەندرێن و دهۆک، هەردوو پێشمەرگەکەی کوردستان رووبەڕووی یەکتری دەبنەوە

کارزان کانەبی

لەمیانی یارییەکانی هەفتەی یازدەهەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە قۆناخی یەکەمی خولەکە بڕیارە ئەمڕۆ پێنج شەممە و سبەی هەینی شەش یاری گرنگ و بەهێز لە نێوان یانەکانی کوردستان بەرێوەبچێت لە نێوان یانە بەشدارووەکان، ئەمڕۆ پێنج شەممە چەند یارییەک ئەنجام دەدرێت، یانەی هەندرێن لەسەر یاریگای خۆی و لەبەردەم هاندەرانی میواندار یانەی دهۆک دەکات، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە ئامادەکاری باشیان کردوە بۆ ئەوەی بتوانن سێ خاڵی یارییەکە بۆ خۆیان یەک ی بکەنەوە هەردوو یانەش یاریدەدەری راهێنەر تیپەکە بەرێوەدەبەن، بۆیە زاخۆ دەیەوێت سوود لە یاریگا و هاندەران ببینێ بۆ بەدەست هێنانی سێ خاڵی یارییەکە، بڕیاەتیش دەیەوێت بگەڕێتەوە نێو کێبڕکێیەکانی بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوەی خولەکە، لە قەزای دەربەندیخانیش هەردوو یانەی دەربەندیخان و زێرەڤانی بەیەک پێشمەرگەی هەولێر دەیەوێت هاندەرانی ئاشت بکاتەوە و قەرەبووی شکستی هەفتەی رابردوو بکاتەوە، پێشمەرگەی سلێمانیش دیەوێت بە ریتمی هەفتەی رابردوو ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت ئەم یارییەش بەیەکێک لە یارییە بەهێزەکانی ئەم هەفتەیە هەژماردەکرێ، لە قەزای زاخۆش هەردوو یانەی برایەتی هەولێر و زاخۆی خاوەن یاریگا و هاندەران بەیەک دەگەن، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە ئامادەکاری باشیان کردوە دەیانەوێ بە ئاست وئەنجام لە یاریگا بێنە دەرەوە، بڕایەتی کە فاتیح حەمەخانی راهێنەر دەستی لە کارکێشایەوە سەرهەنگ موحسین و یانەکان رووبەڕووی یەکتری دەبنەوە، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی سیروانی هرکیان زەحمەتە کاتێک لە دەرەوەی یاریگای خۆیان و لەبەردەم هاندەرانی سۆران ئەم یارییە ئەنجام دەدەن، یانەی سۆرانیش دەیەوێت لە رێگای ئەم یارییەوە بگاتەوە نێوکێبڕکێیەکانی شەڕ کردن لەسەر ریزبەندی یەکەمی خولەکە، سیروانی نوێش دەیانەوێ بەردەوام بن لە ئەنجامە باشەکانیان. لە پایتەختی کوردستانیش یانەی هەولێر میواندارە یانەی نەورۆز دەکات، ئەم یارییەش یەکێک لە یارییە هەرە بەهێزەکانی ئەم هەفتەیە و هەردوو یانە چاویان لە سێ خاڵی یارییەکەیە، ئەم هەفتەیەش یانەی شێروانە چاوەڕوان دەبێ، سەرجەم یارییەکانیش لەکاتژمێر دوو و 30خولەکی دوای نیوەڕۆ بەرێوە دەچێت.

1-سیروانی نوێ19خاڵ
2-نەورۆز16خاڵ
3-سۆران15خاڵ
4-دهۆک15خاڵ

گرانترین گرێبەستەکانی سپۆنسەری یانەکان لە جیهاندا



یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی، بە فەرمی بوندێکی سپۆنسەریی لەگەڵ کۆمپانیای (نایکی) بۆ کەلوپەلی وەرزشی واژووکرد، بەمەش لە سەرەتای وەرزی داهاتوودا 2020-2021?گرێبەستەکە کە بۆ چەندین ساڵە، دەکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە، کەبۆ هەر ساڵێک کۆمپانیای ناوبراو بڕی 90ملیۆن پاوەند دەداتە یانەی لیڤەرپوول، لەلایەکی دیکەوە دادگای باڵا لە بەریتانیا، ئەو تێهەڵچوونەوەی رەتکردەوە، کە کۆمپانیای (نیو بالاس) لەدژی یانەی لیڤەرپوول پێشکەشی کردبوو، بەمەش رێگە لەبەردەم لیڤەرپوول کراوە بوو، بۆ ئەوەی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای نایکی واژوو بکات. ئەوەی خوارەوەش لیستی گرانترین گرێبەستەکانی سپۆنسەریکردنە لە جیهاندا.

1- ریال مەدرید (ئیسپانیا)- 190ملیۆن دۆلاری ساڵانە.
2- بەرشلۆنە (ئیسپانیا)- 174.83ملیۆن دۆلاری ساڵانە.
3- مانچستەر یونایتد (ئینگلتەرا)- 128ملیۆن دۆلاری ساڵانە.
4- لیڤەرپوول (ئینگلتەرا)- 90ملیۆن دۆلاری ساڵانە.
5- مانچستەر ستی (ئینگلتەرا)- 86ملیۆن دۆلاری ساڵانە.
6- ئارسنالّ (ئینگلتەرا)- 78.36ملیۆن دۆلاری ساڵانە.
7- چێلسی (ئینگلتەرا)- 73.45ملیۆن دۆلاری ساڵانە.
8- بایرن میونخ (ئەڵمانیا)- 67.09ملیۆن دۆلاری ساڵانە.
9- یۆڤانتس (ئیتاڵیا)- 55ملیۆن دۆلاری ساڵانە.
10- تۆتنهام (ئینگلتەرا)- 38.59ملیۆن دۆلاری ساڵانە.
11- ئەی سی میلان (ئیتاڵیا)- 14.13ملیۆن دۆلاری ساڵانە.
12- مۆناکۆ (فەرەنسا)- 10.96ملیۆن دۆلاری ساڵانە.

رەمزی میرەکانی

بارسێلۆنا خاوەنی زۆرترین داهاتە



بەپێی زانیارییەکانی کۆمپانیای دیلۆیت لە وەرزی 2019-2020دا لە خولەکانی تۆپی پێدا، یانەی بارسێلۆنای ئیسپانیی زۆرترین داهاتی دەستکەوتووە.

بەپێی زانیارییەکانی کۆمپانیای دیلۆیت لە خولەکانی تۆپی پێدا، یانەی بارسێلۆنای ئیسپانیی زۆرترین داهاتی دەستکەوتووە.

بەپێ ئەو راپۆرتەی بۆ جاری 23هەمینە لەلایەن کۆمپانیای دیلۆیت، بۆ راوێژکاریی ئابووریی، بڵاوەدەکرێتەوە، یانەی بارسێلۆنا بە دەستکەوتنی بڕی 840ملیۆن و 800هەزار یورۆ لە ریزبەندیی یەکەمی ئەو یانانەدا دێت کە زۆرترین داهاتیان هەبووە و بەوشێوەیەش کەوتووەتە پێش یان ریال مەدرید.

یانەکەی کەتەلۆنیا کە وەرزی پێشتری بە بەدەستهێنانی 690ملیۆن و 400هەزار یورۆ تەواوکردبوو، لە وەرزی 2019-2020 دا داهاتەکەی بە رێژەی لەسەدا 22 زیادکردووە و بووەتە یەکەم یانە کە بەربەستی 800ملیۆن یورۆ تێدەپەڕێنێت. لە ریزبەندیی ئەو یانانەی کە لە هەمان وەرزدا زۆرترین داهاتیان هەبووە، یانەی ریاڵ مەدرید بە 757ملیۆن و 300هەزار یورۆ لە پلەی دووەمدایە و مانچستەر یونایتد بە 711ملیۆن و 500هەزار یورۆ لە پلەی سێیەمدایە.

هاوکات یانەی لیڤەرپوڵی دوایین پاڵەوانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، سەرەڕای زیادکردنی داهاتەکەی بە بڕی 91ملیۆن یورۆ و گەیاندنی بە 604ملیۆن و 700هەزار یۆرۆ، بەڵام هاوشێوەی وەرزی رابردوو لە ریزبەندیی حەوتەمی ئەو یانانەدا دێت کە زۆرترین داهاتیان هەیە.

ریزبەندیی 20یانەی یەکەم لەو یانانەی زۆرترین داهاتیان هەبووە بەمشێوەیەیە:

بارسێلۆنا 840,8
ریال مەدرید 757,3
مانچستەر یونایتد711,5
بایرن میونشن660,1
پاریسان جێرمان635,9
مانچستەر سیتی 610,6
لیڤەرپوڵ604,7
تۆتنهام 521,1
چێلسی 513,1
یوڤێنتوس 459,7
ئارسنالّ 445,6
بروسیا دۆرتمۆند 377,1
ئەتلەتیکۆ مەدرید 367,6
ئینتەر 364,6
شالکە 324,8
رۆما 231
لیۆن 220,8
وێستهام یونایتد 216,4
ئیڤەرتۆن 213
ناپۆلی 207,4

بەهۆی ئاگرەکەی ئوستراليا‌وە یاکۆڤیچ توشی کۆکە دەبێت و لە پاڵەوانیتییەکە دەکشێتەوە



بەهۆی ئاگرەکەی دارستانەکانی ئوسترالیا و پیسبوونی ژینگەکە، دەلیلە یاکۆڤیچی تێنسزانی سلۆڤینی نەیتوانی یارییەکەی بەرامبەر ستیڤانی فۆگول تەواو بکات، ئەویش بەهۆی تەنگەنەفەسی و کۆکەوە کە دواجار کشانەوەی خۆی لە پاڵەوانێتییەکە راگەیاند.

یاکۆڤیچ دوای راگەیاندنی کشانەوەکەی ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە بەربەیان کە هەستابوو لەخەو، دووکەڵێکی زۆر لە ملبۆرن هەبوو، بۆیە ئەوکات بڕیارماندا مەشقەکانم نەکەم، هەروەها یارییەکەشمان هەر بەهۆی ئەو دوکەڵەوە بۆ ماوەی کاتژمێرێک دواکەوت، ئەو دووکەڵە چووە ناو سیبەکانمەوە و توشی تەنگەنەفەسی کردم و نەمتوانی بەردەوام بم.

یەکێتی شەترەنجی عێراق جارێکی دیکە د. شاکر ئەحمەد وەک باشترین کەسایەتی وەرزشی عێراق دەستنیشان دەکات



هاوار موڕتکەیی

یەکێتی شەترەنجی عێراق جارێکی تر د. شاکر ئەحمەد سمۆ بەڕێوەبەری گشتی وەرزش و لاوان لەهەرێمی کوردستان، وەک باشترین کەسایەتی وەرزشی عێراق دەستنیشان دەکات.

دوای ئەو پشتگیرییە بەردەوامەی بەڕێوەبەری گشتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شەترەنجی کوردستان دەیکات و هەروەها رۆڵی لە میواندارێکردنی پاڵەوانێتییەکانی عێراق لە شاری هەولێر، یەکێتی شەترەنجی عێراق د. شاکر ئەحمەد سمۆی وەک باشترین کەسایەتی وەرزشی بۆ ساڵی 2019لە سەرتاسەری عێراق دەستنیشانکرد، لەمبارەیەوە زافر عەبدولئەمیر سەرۆکی یەکێتی شەترەجی عێراق رایگەیاند کە ئەوان ساڵانە باشترینەکانی ساڵ لەبواری شەترەنج دەستنیشان دەکەن، و د. شاکر سمۆش یەکێکە لەدیارترین کەسایەتی وەرزشی کە بەردەوام پشتیوانانی شەترەنجزانان بووە بەتایبەتیش لە شەترەنجزانانی کوردستان بەتایبەتی و شەترەنجزانانی عێراق بە گشتی.

میلان لەهەنگاوێکی سەیردا کایێر و ئیبراهیمۆڤیچ کۆدەکاتەوە



یانەی میلانی ئیتاڵی رایگەیاند کە لەگەڵ سایمۆن کایێری بەرگریکاری دانیمارکی ڕێککەوتووە کە بەشێوازی خوازراو یارییان بۆ بکات و لە مەرجی ڕیککەوتنەکەشدا هاتووە کە دەکرێت ئیزا لەسەر ڕێککەوتنیکی هەمیشەییدا بکەن.

کایێر کە لە ئیشبیلییەوە چۆتە میلان، یەکێکە لەو یاریزانەی کە پێشتر کێشەی لەگەڵ ئیبراهیمۆڤیچ هەبووە و چوار ساڵ تورەکرد، کەچی دەبێنێن ئێستا لەمەوبەر دەمەقاڵێ لەنێوانیان دروست بووە کاتێک کایێر لە یانەی فەنەربەخشەی تورکی یاریی دەکرد و لەبەرامبەریشدا ئیبرا لە یانەی مانچستەر یونایتد بوو، دوای گڕبیەکەی نێوانیان، کایێر بەمیدیاکانی ڕاگەیاند کە ئیبراهیمۆڤیچ کەسێکی خۆویست و فووتێکراوە، ئەمەش ئیبرای زۆر هەرووەها گوتی: دەمەوێ سوپاسی قالقێردی بکەم، ئەو پیاوێکە هەمیشە ڕاست بووە، من ڕێز لە کارەکەی دەگرم، هەروەها ڕێز لە شێوازی بەڕەسیارێتییەکەی دەگرم، هەوڵیش دەدەم بەردەوام پەیوەندیم لەگەڵیدا هەبێ، چونکە زۆر شت هەیە پێویستە لەگەڵیدا قسە بکەم، دواتر گوتی: دڵنیام کێشەم لەگەڵ تیپەکەم نابی،

یانەی میلانی ئیتاڵی ڕایگەیاند کە لەگەڵ سایمۆن کایێری بەرگریکاری دانیمارکی ڕێککەوتووە کە بەشێوازی خوازراو یارییان بۆ بکات و لە مەرجی ڕیککەوتنەکەشدا هاتووە کە دەکرێت ئیزا لەسەر ڕێککەوتنیکی هەمیشەییدا بکەن.

کایێر کە لە ئیشبیلییەوە چۆتە میلان، یەکێکە لەو یاریزانەی کە پێشتر کێشەی لەگەڵ ئیبراهیمۆڤیچ هەبووە و چوار ساڵ لەمەوبەر دەمەقاڵێ لەنێوانیان دروست بووە کاتێک کایێر لە یانەی فەنەربەخشەی تورکی یاریی دەکرد و لەبەرامبەریشدا ئیبرا لە یانەی مانچستەر یونایتد بوو، دوای گڕبیەکەی نێوانیان، کایێر بەمیدیاکانی ڕاگەیاند کە ئیبراهیمۆڤیچ کەسێکی خۆویست و فووتێکراوە، ئەمەش ئیبرای زۆر

کیکی سیتین: زۆر شت هەن، پێویستە لەگەڵ قالقێردی قسەبکەم



کیکی سیتین ڕاهێنەری تازەی یانەی بەرشلۆنە دوای وەرگرتنی ئەرکە تازەکەی لە کەتالۆنیا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ئەنجامدا و سوپاسی هەموو ئەوانەی کرد کە ئەو دەرفەتەیان بۆ ڕەخساند لە وەرگرتنی ئەو ئەرکە تازەیە و گوتی: هەتا لە خۆشترین خەونمدا بیرم لەوەنەکردۆتەوە ببمە ڕاهێنەری یانەیەکی وەکو بەرشلۆنە.

بشار مستەفا ناهێتە ژ بیرکرن



حاجی دزسکی

هەردەم ژیان شاپەرێت خو بسەرمەدا قەدەت لێ دەما مرن دهێت ژیان مەدهێلیت بومرنێ تنێ ناف ل قولاچکەکێ دنیایی دمینت بباشی. تایبەت ئەگەر کەسەکی جهێ خو کربیت دبوارەکێ تایبە ت دا مینا ماموستایێ ڕەحمەتی (بشار مستەفا) ئە ف کەسایەتی یە نێزیکێ چل سالا خزمەتا وەرزشێ کربوو ل باژێرێ دهوکێ تا کار و چالاکێن وی گەهشتی نە پایتەختێ عیراقێ بەغدا بشتێ (2003) ماموستا شیابوو کە ساتیا خوو یا سادە دناڤ پتریا وەرزشڤانا دا بکەت،هەلبەت کارکرن دناف وەرزشا عیراقێ دا نە یا ئاسن بوو لێ پشتی کاودانێت عیراقێ نە خوش بووین (بشار مستەفا) شیابوو وەک نینە ڕێ کوردستانێ گەهیتە بلنترین بوستێن وەرزشی بگرە ژ جێگریا ئولمپییا عیراقێ و هەرو سا سەروکێ ئێکەتیا بوکسانێ یا عێراقێ زێدەباری ئەندامەتیا ئێکەتیا عەرەبی، خودی ژێ رازی هەردکەڤندا تێکەلی یاریا بوکسانێ بوو لبیرامنە.

دەمێ بویە سەروکێ شاندێ هەلبزارتیێ عیراقێ یێ بوکسانێ ل وەلاتێ بولکاریا ل دوماهیا سالێن هەشتێ یان، هەرجهێ ماموستا کارکری شیێ تبلێن خو هیلان شیوەکێ باش ,ئەڤ چەندە هەمی ژ خەم خوریا وی بوو وەرزشی دهات، مرنا ڕەحمەتی پتریا وەرزشڤانێن دهوکێ خەمباربوون بەلکو خەمباریا وی گەهشتە پتریا باژێرێن عێراقێ وکوردستانێ هەروسا چەندین وەلاتێن عە ربی هەف خە میا خو دیارکر، ل دوماهیێ راستە تە وەغەر لێ ناڤێ تێە هەر هیتەکوتن ناهێتە زبیرکرن هیڤدارین خودێ مەزن جهێ تە ل بەهشتا بەرین شادبکەت.



تەمەنی 52ساڵە و هێشتا یاری تۆپی پێ دەکات

کازیۆشی مۆرای ژاپۆنی بەردەوامە لەبەرەنگاربوونەوەکەی و ئامادەیی نیشانداوە وەرزی ژمارە 35ی کاروانی وەرزشی بەڕێبکات، بەتایبەتیش دوای تازەکردنەوەی بۆندەکەی لەگەڵ یانەی یۆکۆهامای ژاپۆنی، بەمەش ڕیکۆردەکەی جێگیرتر دەکات وەک بەتەمەنترین یاریزانی پیشەگەر لەناو یاریگاکانی تۆپی پێدا.

ئەم یاریزانە تەمەن 52ساڵییە، لەوەرزی تازەدا دەگەڕێتەوە پلەیەکی خولی ژاپۆنی، بەوهیوایەیە ڕۆڵی کارا ببینێت لە هێشتنەوەی یانەکەی لە خولی پلەیەکی ولاتەکەی، میۆرا لەهەموو ئەوانەیە لەیانەکەدان بەتەمەنترە تەنانەت لەسەرۆکی یانە و لەکاتێکدا ئەو یاریی تۆپی پێی کردووە هێشتا یاریزانەکانی یانەی یۆکۆهاما لەدایک نەببوون.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu.16. Jan. 2020 No: (5912)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



هونەرمەند جەوهەر ئەنوەر:

درامای بیانی کاریگەری نەرێنی زۆری لەسەر تاکی کورد کردووە

مانێکم دروستکردووە لەسەر مۆڵک و ئەرکی خۆم بەناوی (مانی هونەرمەندان) بۆ بەرهەمهێنانی کاری هونەری، هەفتانە فیلمی سینەمایی تیدا نمایش دەکرێت

دیمانە: کامەران حاجی ئەلیاس

هونەرمەند «جەوهەر ئەنوەر ڕەشید» یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە بەعەشقەوە خوولیای هونەرە بەتایبەتیش هونەری سینەما ئەم هونەرمەندە مانەکەی خۆی کردۆتەو ستۆدیۆیەکی هونەری بۆ کاری هونەری بە جۆرێک هەموو هونەرمەندێک دەتوانێت بۆکاری هونەری بەکاری بهێنێت ، ئێمە بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە کارە هونەرییەکانی بەچەند پرسیارێک ئەم هونەرمەندەمان بەسەر کردەوە.



چۆنیەتی ئاوێتە بوونتان بە جیهانی هونەری شانۆی و دراما بۆ خوێنەرەفان باس بکەیت

سەرەتایی دەست بەکار بوونم لە نێوەندی هونەری دەگەڕێتەوە بۆ کار کردنم لەسەر ماکینەی سینەمای گەڕۆک لە گەڕەک و لادێکانی کوردستان. چەندین فیلمی جۆراوجۆر مان بە خەڵک ئاشنا کرد و سینەما مان پێناساندن لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو ، ئەمە جگە لەوەی کە کاری پیشەیم لەسەر ئامێری سینەما بوو لە سینەما سەلاحەدین.

ئەو هونەرمەند و کەسانە کێن، کە هاوکارو ڕێنشادەرت بوونە؟

لە ساڵانی هەشتاکان لەکۆمەڵەی هونەرە جوانەکان مەڵبەندی گشتی کارم کرد کە بەرێزان مامۆستا "تەلعەت سامانی ڕەحمەتی و عەبدولا پشدەری و کاک ڕەسمی" دەستەی کارگێری بەڕێوەبردن بوون زۆر هانیان دام و پشتگیریان کردم بۆ کاری هونەری، هەروەها لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر و تیپی نەتەوەیی کاری هونەرییم کردوە، تا دەرچوونم بۆ ئەوروپا ،دواتر لە تاراوگە دەستم کرد بە کاری هونەری کرد بە تایبەت لەرووی دەرهێنان ونووسینی چەندین کاری پوختمان پێشکەش کرد ، شارەزاییم لە هونەرەکانی پشت کامیرا و کارەکانی تر پەیدا کرد و بەشداری چەندین وۆرکشۆپی سیناریۆ و دەرهێنانی سینەمایی کرد.

ئەگەر باس لەو کارە درامیانەی خۆتان بکەیت، کە تا ئێستا ئەنجامتداوە، چ دەزگایەکی هونەری هاوکارت بوونە؟

لەیەکەم کاری دەرهێنان وولاتتی سوید پشتگیری کردم بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی "گەڕانەوە "کە باس لە ژیانی پەناهەندەیی پەراگەندەیی تاکی کورد دەکرد باس لە دەرچوونی خێزانی کورد و کۆچ کردنیان بەرەو ئەوروپا ، ئەو فلیمە کاریگەری زۆری لەسەر ولاتانی ئەوروپا دروست کرد.

دواتر کە گەڕامەوە کوردستان بەهۆی بوونی قەیرانی دارایی، کەلێنێک لە درامای کوردی دروست بوو بۆیە منیش وەک هەڵوێستێک دەستم کرد بە کاری هونەری کرد بە هاوکاری هونەرمەندانی خۆیەخش چەند کارێکی هونەری و درامای کوردیم لەسەر ئەرکی خۆم بەرهەم هێنا کە ڕەنگدانەوەی باشی هەبوو لای بینەری کورد وەک درامای (خەجە گەڕۆک، وون بووەکان، مۆڵەت) ئێستاش مانێکم دروست کردوە لەسەر مۆڵک و ئەرکی خۆم بەناوی (مانی هونەرمەندان) بۆ بەرهەمهێنانی کاری هونەری و هەفتانە فیلمی سینەمایی تیدا نمایش دەکرێت کە خەڵکانێکی زۆری هونەردۆست و هونەرمەند ئامادەی نمایشەکان دەبن.

جگە لە نمایشکردنی فلیمی سینەمایی بۆ هونەرمەندان لە(مانی هونەرمەندان) لە ڕۆژانی هەینی دا پرۆژەی نوێتان هەیە؟

جگە لە نمایش کردنی فیلمی سینەمایی بەتایبەتی فلیمە هندییەکان، ئەو مانە بۆتە جێژوانی هونەرمەندانی شار و کۆڕو سیمیناری هونەری تیدا ئەنجام دەدرێت لە هەمان کاتدا دەکرێت وەک ئۆفیسی کاری هونەریش سودی لێ وەربگیرێت.

سەبارەت بە دواکاری هونەریم ئێستا خەریکی گەڵاڵە کردنی کارێکی هونەرین کە لەپانزە ئەڵقە پێک دێت بۆ مانگی ڕەمەزانی داهاتوو خوا یار بێت بە دیدەنی بینەری کوردی ئاشنا دەکەین کە نیاز وایە کۆمەڵێک هونەرمەندی دیاری کوردستان وەکو نواندن بەشدار بن.

تیۆرامانت سەبارەت بە پەخشکردنی زنجیرە دۆبلاژکراوەکان لە تیڤییەکوردییەکان چۆنە؟

سەبارەت بە دۆبلاژی دراما بیانییەکان، تەنها هۆکار بۆ بردە دان بە دۆبلاژ نەبوونی دراما کوردییە بۆیە پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری قۆڵی لێ هەڵمالی بۆ بەرهەمهێنانی دراما کوردی بۆ ڕێگرتن لە دۆبلاژ کردنی دراما بیانی چونکە کاریگەری نەرێنی زۆری لەسەر تاکی کورد کردوە و نێگەتیڤانە ڕەنگدانەوەی هەبوو، لەبەرئەوەی کەلتوری گەلانی تر نامۆیە بۆ ئێمەی کورد کاریگەری نەرێنێ دروست دەکات بەجۆرێک شیرازەی خێزانی کوردی تێکدەدات.

تیۆرامانت سەبارەت بە پەخشکردنی زنجیرە دۆبلاژکراوەکان لە تیڤییەکوردییەکان چۆنە؟

سەبارەت بە دۆبلاژی دراما بیانییەکان، تەنها هۆکار بۆ بردە دان بە دۆبلاژ نەبوونی دراما کوردییە بۆیە پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری قۆڵی لێ هەڵمالی بۆ بەرهەمهێنانی دراما کوردی بۆ ڕێگرتن لە دۆبلاژ کردنی دراما بیانی چونکە کاریگەری نەرێنی زۆری لەسەر تاکی کورد کردوە و نێگەتیڤانە ڕەنگدانەوەی هەبوو، لەبەرئەوەی کەلتوری گەلانی تر نامۆیە بۆ ئێمەی کورد کاریگەری نەرێنێ دروست دەکات بەجۆرێک شیرازەی خێزانی کوردی تێکدەدات.

فەیسبووک 30 هەزار ئەکاونتی ساختە لە فەرەنسا ڕادەگرێت

هەردەوان:لە فەرەنسا فەیسبووک زیاتر لە ٣٠ هەزار هەژماری ساختەی بەهۆی بلاوکردنەوەی هەوالی هەڵە و دوور لەراستییەوە، داخست. لەمبارەیەوە "شەبنەم شایک" بەرپرسی تیمی ئاسایشی فەیسبووک، لەلێدوانێکدا کە لە بلۆگی فەرمی تۆرە کۆمەڵایەتییەکە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەی بەوەکرد بەهۆی ئەوەی زانیاریی فریودەر و هەوالی ناڕاستیان بڵاوکردووەتەوە، ئەو هەژمارانە داخراون. هەروەها شەبنەم شایک ڕایگەیاندووە «لەچوارچێوەی ئەو پاکسازییەی لە فەرەنسا دەستمان پێکردووە، زیاتر لە ٣٠ هەزار هەژمارمان داخستووە» .

شایک باسی لەوەشکرد ئەو ڕێوشوێنانەی گرتوویانەتە بەر بەو مانایە نایەت کە هەر هەژمارێکی ساختە هەبێت داخرابێت، بەڵام ئەوان ئامانجیان ئەوەیە چالاکییەکانیان بۆ داخستنی ئەو جۆرە هەژمارانە زیاد بکەن. تیشکی خستە سەر ئەوەش کە ئەو هەژمارانەی کە زانیاری هەڵە بڵاودەکەنەوە، زیاتر دەبنە هۆی گەیاندنی زیان بە هاوواڵتیان لەرووی ماددییەوە و بە ئاراستەیەکی هەڵەیاندا دەبەن.



پەیوەند جاف گۆرانی بۆ سلێمانی دەڵێت



هەمزە سەرحان

هونەرمەند و گۆرانیبێژی کوردستان پەیوەند جاف، نوێترین کلیپی خۆی بڵاوکردەوە و گۆرانی بۆ سلێمانی دەڵێت.سلێمانی، نوێترین بەرهەمی پەیوەند جافە ، لە تێکستی شاعیری کورد ڕەنج سەنگاویە ، لەلایەن ئاوازدانەری کورد هەڵکەوت زاهیر ئاوازی بۆ دانراوە، بڕیار فەتاح کاری دەرهێنانی بۆ ئەنجامداوە.پەیوەند جاف، خەڵکی شاری هەڵەبجەیە ، ساڵانێکی زۆرە کاری هونەری دەکات و خاوەنی چەندین ئەلبوم ڤیدیۆ کلیپە.

